دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە


ژمارە ٧٩٦، یەکشەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٤ی ئاوریلی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com

■ دیداری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان ٢

■ ڕاگەیەندراوێک لە دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ٢

■ یەکیەتیی ژنان پەیمانی لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە ٣




پەیامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ٤




پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و ڕوانگەیەکی ڕوونترەوە! ٦



پانۆرامای ڕووداوە گرینگەکانی ساڵ ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# شەهید دوندی چیای باوەڕە



وەک نەریتی هەموو ساڵێک بە ئامادەبوونی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕۆژی ١٠ خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەرز و بەڕێز ڕاگیرا.

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوە، ڕێوڕەسمی یادی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کە لە سێ برگەدا پێکهاتبوو بەڕێوە چوو؛ لە بەشی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا، بەشداربووان بە ڕێژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆ سەردانیکردنی گڵکۆی پیرۆزی شەهیدان بەڕێ کەوتن.

دواتر لە مەزارگەی شەهیدان، سروودی «ئەی شەهیدان» لەلایەن هونەرمەند «غوڵام فاتحی» و هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە خوێندرایەوە؛ هەروەها سروودی «مەڕێژن بۆم فرمێسکی خەم» لەلایەن بەشداربووانی دەورەی ٢٤٨ی سەرەتایی پێشمەرگەوە خوێندرایەوە.

دواتر وەک نەریتی هەموو ساڵێک، تاجەگوڵینەی ڕێز و وەفاداری لە ڕێبازی پڕسەروەری شەهیدان لەلایەن بەڕێزان «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خاتوو «نەزیرە ئەحمەدی» هاوسەری شەهید ئێقباڵ عەلی ڕەمایی، نوێترین شەهیدی حیزبەکەمان و عەبدولکەریم جەلالی برای شەهید سەبری جەلالی لەسەر گڵکۆی شەهید سەید سەلام عەزیزی داندرا.

لە بڕگەی دووهەمی ڕێوڕەسمەکەدا، پێشانگای وێنە و یادەوەرییەکانی شەهیدان کە لەلایەن بەشی شەهیدانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتییەوە ئامادە کرابوو لەلایەن بەڕێزان «حەسەن شەرەفی» جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی ناوەندی سیاسی و هەروەها خاتوو «ئامینە دادیلی» کچی مەلا کەریم و خوشکی شەهید مستەفا دادیلی و «شەماڵ حاجی ڕەسووڵی» برای شەهید سوڵتان حاجی ڕەسوولییەوە، بەڕووی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەدا کرایەوە.

دوابڕگەی ڕێوڕەسمەکەش بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و پاشان ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل لە ساڵۆنی ڕێوڕەسمەکانی حیزب دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب لەلایەن بەڕێز «مامۆستا ئەحمەد ڕەحیمی» بەرپرسی ئەو کۆمیسیۆنەوە خوێندرایەوە.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد: «١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی حەفتاو چوار ساڵ بەسەر لەسێدارەدانی پێشەوای ناوداری کورد، پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری یەکەمین کۆماری دێموکراتیکی کوردستان و یارانیدا تێدەپەڕێ؛ ئەم ڕۆژە کە لە فەرهەنگی سیاسیی ئێمەدا بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە، وەبیرهێنەرەوەی داستانی قارەمانی و گیانفیدایی پێشەوای سەر بەرزی کورد و دەیان و هەزاران ڕۆڵەی، سەرفرازی ئەم گەلەیە کە زۆر لەخۆبوردووانە و خۆنەویستانە بوونە دینامۆی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و سەرئەنجام زۆر سەخاوەتمەندانە گیانی شیرینی خۆیان بەختی شکۆمەندی کوردستان و ژیانی سەربەرزانەی نەوەکانی داهاتوو کرد.»

ناوبراو هەروەها وتی: « ئەوەی گرینگە بیزانین و بناغەی کار و کردەوە و تێکۆشانی خۆمانی لەسەر دابڕێژین ئەوەیە کە ئەو سیستەمە بە هەر فێڵێک خۆی نیشان بدات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەر بیانوو و هۆکارێک بیهەوێ لەگەڵی پێک بێت و هەڵبکا، لەوە ناگۆڕێ کە کۆمەڵگای ئێران وکوردستان و سەرزەمینی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دیکە، لەوپەڕی نارازیبووندایە و کەلێنەکانی نێوان دەسەڵات و خەڵک بە جۆرێکن کە تەنیا بە ڕووخانی ئەو سیستەمە پڕ دەبنەوە.»

لە بەشێکی تری پەیامەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە هەتا لە ساڵی شەهیدبوونی ئازیزانمان دوورتر دەکەوینەوە، ئەوان شکۆمەندتر و مەزنتر دەبن و زیاتر لە ئێستاماندا دەژین. ئەمە ڕازی گیانفیدایی شۆڕشگێڕانە و ئەخلاقییە. چوونکە ئەوەندەی زیاتر دوور دەکەوینەوە، ئەوەندە زۆرتر لە هەستی دەروەستی، ئاڤەزی قووڵ، ئەوینی ڕاستەقینەیان سەبارەت بە نیشتمان تێدەگەین کە چۆن لە هەستیارترین ساتەکانی مێژوودا و لەو کاتەدا کە بوون و مافی نەتەوەیەک پێویستیی بە کردەیەکی شۆڕشگێڕانە هەبووە، ئەوان بێ هیچ دوودڵییەک دەستیان داوەتە ئەو کردەوەیە و گیانی خۆیان کردووەتە پردەبازی سەرکەوتن و مانەوە.

دواتر سروودێک لەلایەن منداڵانی ئازادییەوە بە سەرپەرەستیی خاتوو «خەدیجە بەهمەن» لەژێر ناوی «شەهید گوڵی چیای بەرزە» پێشکەش بە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

هەروەها، پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی «لاوان، ژنان و خوێندکاران» لەلایەن «جەماڵ فەتحی» سکرتێری یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانەوە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا هاتبوو: « نەتەوەی کورد لەپێناو ڕزگاری و سەربەستیدا، گەلێک ڕۆڵەی ئازا و بەجەرگی فیدا کردووە و هەتا ئێستاش بە ئامانجەکانی نەگەیشتووە، بەڵام ئەو زام و خەسارەی کە لەپێوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستان هەڵی گرتووە، زامێک قووڵ و بەسۆیە کە ئێستاشی لەگەڵ بێت سارێژ نەکراوە، چونکە ئەم دەسکەوتە ئاواتی لەمێژینەی ئەم نەتەوە بەشخوراوە بوو و لە ڕوانگەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەسکەوت و دەرفەتێکی بێوێنە و بەنرخ بوو کە قەبووڵکردنی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەت دەسەڵاتی سەرەڕۆی پاڵەوییەوە ئەستەم بوو.»

دوابڕگەی ڕێوڕەسمەکەش بریتی بوو لە چەند بەستە و سۆزێک کە لەلایەن «فەتاح سەبزەواری» هونەرمەندی کورد بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی سوورخەڵات پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

هاوکات لە کەمپی جێژنیکانی حیزبی دێموکرات و هەروەها لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان ڕێوڕەسمی تایبەت بە ڕۆژی شەهیدان بەڕێوە چوو.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەمساڵ هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو لە زۆربەی هەرەزۆری شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان یادی شەهیدانی کوردستان بە چالاکی جۆراوجۆر لەوانە چالاکی تەبلیغی، سەردانیکردنی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، سەردانیکردنی گڵکۆی شەهیدان و دانانی گوڵی وەفا و ڕازاندنەوەی بە جامانە و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەرز ڕاگیرا.

خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» ڕاپۆرتی کاملی ئەم چالاکییانە و هەروەها دەقی پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بەم بۆنە لەم ژمارەی کوردستاندا چاپ کراوە.

## پەیڤ

## گۆمی شڵەژاو

**کەریم پەرویزی**

ئێوارەکەی گەنج و لاوانی گوند، داریان کۆ کردبوویەوە و دەیانهەویست ئاگری نەورۆز، ئەو ئاگرە پڕهێما و ڕەمزەی نەتەوەیی کوردە هەڵ بکەن، کەچی لەناکاو قەڵافەتی بەهەیبەتی پێشمەرگەیەک دەرکەوت، گڕەکەی لێ وەرگرتن و ئاگرەکەی بۆ هەڵکردن! لەو ساتەدا نەک خەڵکەکە، بەڵکوو هەموو سروشتی دەوروبەریش بە سەرسووڕمانەوە چاوی لەم ئاگرە دەکرد! ئاگری نەورۆزێک پێشمەرگە هەڵی بکا بۆ نیشتمان، بڵێی پەیامی چی پێ بێ؟

لەو کاتەدا سەدان کیلۆمەتر ئەولاتر، لە کونجێکی دیکەی نیشتماندا، شار خەریک بوو دەمەوئێوارە ئیدی وردە وردە بڕواتەوە ماڵەوە، کەچی دەستەیەک لە خۆشەویستترین ڕۆڵەکانی نیشتمان، واتە پێشمەرگەکانی کوردستان هاتنە نێو شەقام و بە دەنگی بەرز و بە ئاڵای شەکاوەوە هاواریان کرد کە پەیامێکیان بۆ ئەم نەورۆزە پێیە.

دوای ساڵێکی پڕ نەهامەتی کە داگیرکەر زۆرتر هەوڵی دەدا کە چارەڕەشییەکان زیاد بکا، پێشمەرگە بە ئاڵای شەکاوە و بە مەشخەڵانی نەورۆزەوە چوونە نێو خەڵک و پەیامێکی سانایان پێ بوو: لە دەروونی نیشتمان و نەتەوەکەمانداین و بەجێتان ناهێڵین!

دوو حەوتوو دواتر، لە شاخێکی بەرزی کوردستان، ئاڵایەکی پڕشکۆ قامەتی شاخی داپۆشی و تێکۆشەرانی گەل بەدیار ئاڵا شەکاوەکەیانەوە پەیامی پێشمەرگەکانیان دووپات کردەوە.


ئەم ڕووداوانە هەرچەند زۆر سادە و ساکار دێنە بەرچاو و ڕەنگە وا بنوێنن کە حەماسەیەکی گەورە نەخولقێندراوە، بەڵام ڕاستیی ژینگە سیاسی و فیکرییەکە جۆرێکی دیکەیە.

کۆمەڵگای کوردستان وشیارە و نەخەوتووە تاکوو بەو حەرکەتانەی پێشمەرگانە ڕاچڵەکێ و وەخەبەر بێ، بەڵکوو شتێکی دیکە تووشی شڵەژان بووە و هەرچەند هەوڵ دەدا کە خۆی نیشان نەدا، بەڵکوو شڵەژانەکانی زیاتر دەبێ و گۆمەکەی لێ دەشڵەقێ.

داگیرکەر هەوڵی زۆری داوە کە بڵێ ڕاسان تەنیا چەند کردەوەیەکی کورتخایەنی نیزامییە و بە هێرشی نیزامی و مووشەکباران و تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی ڕووسی و چینی، سەرکوتی دەکا، بەڵام پەیامی نەورۆزی ئەمساڵی پێشمەرگانە، تەواوی درۆ و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی سەرەخۆشیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ کۆچی دوایی «ڕەمزی شەعبان»



«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆچی دوایی «ڕەمزی شەعبان» ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشیی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز/ جەنابی کاک مەسعوود بارزانی
سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان
وێڕای سڵاو و حورمەت

هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو ڕەمزی شەعبان ئەندامی سەرکردایەتی و کادری لێوەشاوە و بە ئەزموونی پارتی، جێگای پەژارەی هەموو لایەکمانە. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە بەڕێزتان، ڕێبەرایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان، بنەماڵە و کەسوکاری ئەو بەڕێزە دەکەین و خۆمان لە خەمیاندا بەشدار دەزانین.

**لەگەڵ ڕێزی دووبارە**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٤ی ئاوریلی ٢٠٢١ی زایینی**

# دیداری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان



بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان پێک هێنا.

«مستەفا هیجری» لەم دانیشتنە تایبەتەدا وێڕای بەرزنرخاندنی نرخێک کە شەهیدانی کوردستان لە پێناو ئامانجە بەرزە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان داویانە، جارێکی تر پێداگریی کردەوە لەسەر ئەرکداربوونی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان و ڕێزگرتن لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان.

لێپرسراوی گشتی هەروەها جەختی کردەوە کە حیزبی دێموکرات هەروەک لە ڕابردووشدا ئەنجامی داوە بۆ خزمەت بە کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدان و بەتایبەت یادگارەکانی ئەوان لەسەر هێڵە و هەر کارێک کە بۆ خزمەت بە ئەوان بێت ئامادەیە بۆ ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی.

«هیجری» لە قسەکانیدا وتوویەتی: «ئێمە هەموومان قەرزداری خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمانین و بۆ خزمەت بە ڕۆڵەکانی ئەوان و بنەماڵە ئازیزەکانیان هەر کارێک بکەین کەممان کردووە و لە داهاتووشدا چیمان لەدەست بێت دریغی ناکەین».

ناوبراو لە بەشێک لە قسەکانیدا ئاوڕی لە نەخش و ڕۆڵی هاوسەری شەهیدەکانی گەل دایەوە و ڕۆڵی گرینگی ئەوان بۆ پەروەردەکردن و بارهێنانی منداڵەکانیان بە ئەرکێکی پیرۆز و لە هەمان کاتدا قورس زانی و وتی: ‹›هاوسەرانی شەهیدان دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەوان جگە لە ئەرکی دایکایەتی دەبێ وەک باوکێکی خەمخۆر و دڵسۆزیش هەنگاو بنێن و هەوڵ بدەن کە منداڵەکانیان بە پەروەردەیەکی شیاوی ناوی بنەماڵەی شەهید بار بهێنن».

«مستەفا هیجری» لە بەشێکی تری قسەکانیدا باسی لە پێگەی بەرزی بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان کرد و ڕایگەیاند: «کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی هەروەک لە ڕابردوودا ئەنجامیان داوە، دەبێ ڕێز لە دایک و باوکانی شەهیدان بگرن و جێگە و پێگەیان بەرز بنرخێنن››.

لە کۆتاییدا لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بە ئاوڕدانەوەیەک لەسەر دۆخی کۆماری ئیسلامی و نەمانی ڕەوایی لەنێو خەڵکانی ئێران وتی: «هیواخوازم لە داهاتوویەکی نیزیکدا کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە نگریسە بێت و ئێمەش بتوانین بگەڕێینەوە نێو ئازیزانمان و بە دیداریان شاد ببینەوە و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانیش بە چاوی خۆیان بەهرەی ئەو نرخەی کە داویانە ببینن کە بریتییە لە ئازادیی گەلەکەمان کە لە سایەی ئەو ئازادییەدا بەرەکانی دواتری کوردستان دەحەسێنەوە».

# دیداری نێوان حیزبی دێموکرات و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە



ڕۆژی یەکشەممە ٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢١ی کوردی شاندێکی ENKS بە سەرپەرەستیی «نەواف ڕەشید» نوێنەری «ئەنەکەسە» لە هەرێمی کوردستان، سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە هەولێر کرد.

شاندی میوان لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرەستیی «محەممەدساڵح قادری» بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارە هاوبەشەدا کۆمەڵێک پرس و بابەتی پەیوەندیدار بە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و ڕەوشی هەنوکەیی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان خرانە بەر باس و ڕوانگەی دوولایەن لەسەر پرسەکان خرانە ڕوو.

شاندی دوو لایەن لە باسەکانی خۆیاندا پێداگریان لەسەر گرینگیی دیالۆگی نێوانی لایەنە سیاسییەکانی کورد لەپێناو یەکڕیزی و هەڵوێستی چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر پێشهاتەکان کرد.

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەمڕۆ ١٠ی خاکەلێوە، ٧٤ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی پێشەوا ‹›قازی محەممەد›› سەرکۆمار و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، ‹›ئەبولقاسمی سەدری قازی و محەممەدحوسێن خانی سەیفی قازی›› تێدەپەڕێت.

٧٤ ساڵ لەمەوبەر پێشەوا و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە لە سێدارە دران و گیانی ئازیزیان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان و گەلی کورد و کوردستان بەخت کرد.

بڕیاری لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی لە دادگایەکی سەربازیی ناجوامێرانە و نادادپەروەرانەدا لە ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٥ دەر کرا و بەداخەوە ئەم بڕیارە و شەهیدکردنی پێشەوا کۆسپێکی گەورەی خستە بەردەم ڕەوتی بەرەوپێشچوونی هەنگاوەکانی کورد بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی و لەبارچوونی کۆماری پیرۆزی کوردستان.

دیارە ڕێژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی بە باشی دەور و نەخشی پێشەوا و هاوڕێیانی لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا هەست پێ کردبوو و بە مەبەستی لەبەینبردنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کە ئەوکات لە کوردستان و هاوکات لە ئازەربایجانیش لە گۆڕێ بوو دەستی دایە هێرش بۆ سەر هەر دووک بەشەکە و بەداخەوە و لە ڕێگای بەرگری لە نەتەوەکەمان پێشەوا و هاوڕێیانی گیانی خۆیان کردە قوربانی ئەم ڕێگە پیرۆزە.

دروستبوونی کۆماری کوردستان لە کات و ساتێکدا بوو کە بەهۆی شەڕی دووەمی جیهانی بۆشاییەکی گەورە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران پێک هاتبوو و لە هەمان کاتیشدا هەستی نەتەوایەتی لەو سەردەمەدا بە باشی گەشەی کردبوو کە دەوری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کۆمەڵەی ژ.ک) نابێ و ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێت.

پێشەوا و شۆڕشگێڕانی ئەوکاتی کورد بە لێکدانەوەیەکی دەقیق و قۆستنەوەی هەلی گونجاوی ئەو سەردەمە، کۆماریان ڕاگەیاند و لە ماوەیەکی کەمدا توانییان پشتیوانیی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان بەدەست بێنن و تەنانەت پشتیوانی ڕێبەر و کاریزمای ناسراوی کوردستانی باشوور مەلا ‹›مستەفای بارزانی››شیان بەرەو کۆماری کوردستان ڕاکێشا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان ئێران دووپات و چەندپاتی دەکاتەوە کە درێژەدەری ڕێگای پیرۆزی پێشەوا ‹›قازی محەممەد›› و هاوڕێیانی و هەموو شەهیدانی سەربەرزی کوردستانە و ئەزموونە بەنرخەکانی وەک چرای

# پەیامی ناوەندی هاوکاری بەنیسبەت ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز

خەڵکی خەباتکار و تێکۆشەری کوردستان!

لە پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی ٢٧٢١ی کوردیدا هاتبوو کە با هەموومان ئەمساڵ فەلسەفەی نەورۆز وەکوو هێمای ژیانەوە و ڕاپەڕین، بکەینە چرای ڕێگای ژیان و خەباتمان و بە تێکۆشان و گیانبازیی زیاتر، یەکڕیز و یەکگرتوو تا ڕووخاندنی ڕێژیم و بنیاتنانی داهاتوویەکی دوور لە ئازار و ستەم و چەوسانەوە بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو، لە سەنگەری خەباتدا پتەو ڕاوەستین و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی ئازادیخوازانە، شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران یەک جار بۆ هەمیشە کۆتایی بە مۆتەکەی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ڕێژیمی مرۆڤکوژ و کاولکەری کۆماری ئیسلامی بێنین.

لەو نەورۆزەدا ئێوە خەڵکی خەباتکار و تێکۆشەری کوردستان سەرەڕای هەموو فشارەکانی کۆماری ئیسلامی و هەڕەشە لە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی و بڕینی ئینتێرنێت و هێنانی هێزی زیاتری سەرکوت بۆ گوندەکان و شارەکانی ڕۆژهەڵات و ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمانەی کە ڕووبەڕووتان بووەتەوە، ئازایانە و بە خۆشحاڵییەوە ئەمساڵیش هەر وەک ساڵانی ڕابردوو بەرەوپیری داواکاریی حیزبەکانی خۆتانەوە چوون و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ بیر و باوەڕ و ئایینێکی جیاواز، هەموو لایەک بە یەکدەنگی و یەکدڵی هاتنی نەورۆزی دێرین و نوێبوونەوەی ساڵی نوێتان جێژن گرت و بە هەڵپەڕکێ و خۆشی و بە هێمای جامانە و گوڵی سوورەوە بەرەوپیری ساڵی نوێ و نەورۆز چوونەوە و بۆ جارێکی دیکە سەلماندتان کە پشتیوانی حیزبە سیاسی و خەباتکارەکانی خۆتانن و نایەکی دیکەتان بە کۆماری ئیسلامی وت.

لە کەس شاراوە نییە کە کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی خۆی دەدا کە خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لە هەموو خۆشییەک و یەکیەتی و یەکڕیزی یەک بە دوور بن، چونکە سێحری

# ڕاگەیەندراوێک لە دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە

هێزی پێشمەرگەی کوردستان
Kurdistan`s Peshmarga Forces

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان**
**پێشمەرگە قارەمانەکانی گەل**

بە ئاگاداریی هەموو لایەک دەگەیەنین کە هێزی پێشمەرگەی شار، هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی ساڵ و نەورۆزی کوردەواری، هاوشان لەگەڵ خەڵکی تێکۆشەری کوردستان نەورۆزیان پیرۆز کرد و یەکدەنگ و یەکگرتوو بە تایبەت لە شنۆ، ئاودانانی ئیلام، بانە و «نییەر»ی هەمیشە دێموکرات و ... پەیمانی وەفاداری و درێژەدان بە خەباتیان لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵات نوێ کردەوە.

**دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**٢ی خاکەلێوەی١٤٠٠ی هەتاوی**

# دەیەمین دەورەی سیاسیی ئاستی دوو بەشی یەکەمی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە کۆتایی پێهات



دەیەمین دەورەی سیاسیی ئاستی دوو بەشی یەکەم تایبەت بە پێشمەرگەکان لە ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ دەستی پێکرد و لە ڕێکەوتی ١١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ کۆتایی پێهات.

بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو و قۆناغبەندی کراودا دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە دەیەمین دەورەی سیاسیی بۆ پێشمەرگەکان بەڕێوە برد.

لەم دەورەیەدا ئەم وانانە پێشکەش بە بەشداربووان کرا: «ڕێنووسی کوردی ـ شیکردنەوەی بەرنامە و پەیڕەوی حیزبی دێموکرات ـ مێژووی حیزبی دێموکرات ـ فێدرالیزم ـ دێموکراسی ـ ڕێتۆریک ـ سوسالیزمی دێموکراتیک ـ پرسی بەرابەریی ژن و پیاو ـ ساختار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ـ کاری ڕێکخراوەیی بەکۆمەڵ ـ سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات ـ ئەمنییەت ـ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان».

بەشێک لەو وانانە بەشێوەی سمینار و بەشێکی دیکەیان و وەک وانە وترایەوە و تاقیکارییان بۆ ئەنجام دراوە. لەم دەورەیەدا ئەم بەشداربووانە پلەکانی یەکەم تا سێهەمیان بەدەست هێناوە:

دانا ڕاست خەدیو، پلەی یەکەم
ئیدریس پیشان، پلەی دووهەم
کەماڵ عەزیزی، پلەی سێهەم

پرسی پەروەردە و بارهێنان و ئامادەیی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هەموو بوارەکاندا یەکێک لە بەرنامە و پلانەکانی حیزبی دێموکراتە. لە دوای کۆنگرەی ١٦ی حیزب جەختێکی زۆرتر لەسەر کاری پەروەردەیی کراوەتەوە و دەورەکانی ئاستی دوو بەشی یەکەم بە شێوەی بەرنامەیەکی تۆکمە و دارێژراو بەڕێوە دەچن و قۆناغ بە قۆناغ هەم ئاستی دەورەکان گۆڕانی بەسەردا دێ و هەمیش پێشمەرگەکان ئاست بە ئاست دەورە سیاسییەکان تێدەپەڕێنن.

# چالاکی تەبلیغی بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدان لە کوردستان



ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە «بانە» بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە. تیکۆشەرانی دێموکرات شارۆچەکەی «کانی سوور» بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. هەروەها لە «شنۆ» لە گوندەکانی «بێمزوورتێ، خورشت و کانی سۆرک » چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

پۆلێک لە ژنانی پێشمەرگەی شار لە پیرانشار ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوە سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کردووە و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردووەتەوە. ژنانی پێشمەرگەی شار لەو سەردانە گوڵ، جامانە و مێخەکیان بە بنەماڵەی شەهیدان داوە. پێشمەرگەکانی شار بەڵێنییان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان نوێ کردووەتەوە کە ئەوان هەتا دوا ساتەکانی ژیان وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان دەمێننەوە. هەروەها قارەمانانی دێموکرات لە گوندەکانی گەزگەسک، کارخانەی قەند، قوباد بەگیان، قەبری حوسێن، کانی ئەشکەوت، گرڕەحمەت، بێکۆس، گرباساک، ئاوخواردە، کەوپەڕ، تەرکەشی شێخی و تەرکەش، شەختان، باستام بەگ، مام هەیبە و دەشتی گەنمان، قەڵاتی مەنگوڕان، شارۆچکەی پەسوێ، نێو شاری پیرانشار، مزگەوتی مام خەلیل، حەزرەتی عومەر و هیجرەت، نەخۆشخانە، شەقامی پیران، قوتابخانەی شورا، پارکی ئیتسقلال، شەشومی بەهمەن چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە بۆکان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە تێکۆشەرانی ڕێگای شەهیدان لە «میراوای بۆکان، شارەکی فەرهەنگیان، قوتابخانەی لەعیا، نێوان شارەک و کولتەپە، مزگەوتی سەر کانییەکان، سێڕای سالمەندان، پارکی نساجی، مەجبووراوا، باسکۆڵ و کوشتارگا، پردی میراوا، گاراجی سیفالی، کۆڵانەکانی بۆکان، شەقامی قەڵای سەردار، بەرامبەر پایگای سپا و شەقامی ئامووزش و پەروەرش، پارکی ساحیلی، سێڕای شەهامەت، قوتابخانەی کچانەی «بنت المسد»، چوارڕای شارەداری، خوارەوەی ئاگرکوژێنەوەی قەدیم، حەوزە گەورە، ئاگرکوژێنەوەی میراوا، شەقامی ئەسڵیی جادەی میراوا بۆ مەهاباد، باسکۆڵی ئاشی میراوا، قوتابخانەی «نەجات» مزگەوتی نووری کولتەپە و سێڕای حەمامیان» چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە. هەر لە بۆکان سەردانی گڵکۆی سەروان ئەفشین کراوە.

لە دێولانی قارەمانەوە ئەندامانی تێکۆشەری حیزب بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان چالاکی تەبلیغاتییان بەڕێوە برد شوێنەکان بریتین لە: «بلواری نماز، کەرەگی شافیعی، گناوە، شارەدێی بڵوان ئاوا، شارەدێی باشماخ، ئاوایەکانی سادقاوا، قادرمەرز، گرگانە، سرنجیانە، سیس، ساد ئاوا، سەرواڵە، شاجۆ، جوامێر ئاوا و کەبوودخانی سەروو».

لە شاری «سنە»ی قارەمان بە نیشانەی ڕێزگرتن و وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدان ئەندامانی حیزب بە شێوەیەکی بەربڵاو تراکت و پوستیری تایبەت بە ڕۆژی شەهیدانیان بڵاو کردووتەوە. هەروەها لە «مەحەلەی فەرەح، چوارباخ، شاپوور، فەیزاوا، شێخان،عەباساوا، کانی کوزەڵە، حاجی ئاوا، گەڕەکی دوکتور قاسملوو، سەفەری، غەفوور، سیرووس، قەتارچییان، پەردیس، تەقتەقان و کەمەربەندیی ٢٥» چالاکیی بەڕێوە چووە. هەروەها لە گەڕەکانی «مێعراج، بەهاران، شارەکی ئاویەر، زاگرۆس، سالیان، ژاوەرۆی سنە، شەقامی وەکیل، چوارباخ، بلواری کوردستان، حەسەن ئاوا، سێڕای ئەدەب، ڕۆژنامەی ئیتلاعات، مەیدانی ئازادی و حاجیاوای سنە» چالاکیی کراوە.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی «دزڵی » سەر بە شاری مەریوان، بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ئاڵایەکی گەورەیان لەسەر چیاکانی گوندی دزڵی بەرانبەر بە مەیانی گوڵەنگان هەڵ کرد کە ڕووبەرەکەی ٢٤٠ میتری چوارگۆشەیە (١٢ مەتر لە ٢٠ مەتر) و خۆرەکەی نێوڕاستیشی ٩ مەترە واتە ئەوەندە گەورەیە کە لە ڕێگای سنە بۆ مەریوان و لە گوندەکانی دەوروبەریەوە دیارە.

لە ‹›مەهاباد›› ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شارویران چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. هەروەها سەردانی گڵکۆی شەهیدان لە قەبرستانی «شەبەک» لە گوندی «خورخورە»یان کردووە. لەلایەکی دیکەوە لە نەخۆشخانەی مەهاباد، بازارچەی ئەسغەری، تالاری نەورۆز، بەری شیلانان و باغی مکائیل چالاکییان بەڕێوە بردووە. هەروەها پێشمەرگەکانی شار لە جەولەیەکدا بە چەک و ڕەختی پێشمەرگانەوە سەردانی گڵکۆی شەهید «سلێمان موعینی» یەکێک لە ڕێبەرانی ٤٧،٤٦یان کردووە. هەروەها لە گوندەکانی قزلقۆپی و بەفرەوان چالاکیی کراوە. لە خورخورە لە گۆڕستانی شەبەک سەردانی گڵکۆی شەهیدان کراوە و لە گۆڕستانی دۆستاڵی سەردانی گڵکۆی شەهیدان «عەبدوڵڵا مەحموودی و فارووق فەرهادی کراوە.

لەلایەکی تریشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی سێزدەبەدەردا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو چالاکییانە لە سەیرانگاکانی «هەوشینان» و «سەری مەیدانان» لەنێوان پیرانشار و مەهاباد، ئەنجام دراوە. درووشمەکانی ئەم چالاکییە بەم چەشنە بوون: «بژی حیزبی دێموکرات، مەرگ بۆ جمهوریی ئیسلامیی ئێران». ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بەڕێوەبردنی چالاکی لە ڕۆژی سێزدەبەدەردا پیشانیان دا کە هەردەم بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان ئامادەن.

لە «پیرانشار»ی قارەمانەوە؛ لاوانی پێشەنگ لە گوندەکانی «دایەشێخی، زونینجیان، خڕێ برداشان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسینی دروشم و هەڵدانی ئاڵای کوردستان لە گوندەکانی «شنۆزەنگ، کێلێ، بەلەبان، کوندرێ، زەنگیاوێ، گردگسپیان و سەرین چاوێ» چالاکیی بەڕێوە چووە. هەروەها لە شەقامەکانی ئەندیشە، فەرهەنگیان، سێڕای فەرهەنگ، کەمەربەندیی ئیمام جومعە، قوتابخانەی مامۆستا هەژار و گوندەکانی خراپە، کەڵەکین و بندڕێ، خڕی برداشان، و کندەقوڵان» چالاکییان بەڕێوە بردووە.

لە ‹›نەغەدە›› تێکۆشەرانی دێموکرات لە مزگەوتی ئەمیرحوسێنی، شازدە دزگاه، مزگەوتی سەید عەبدوڵڵا کەمالی، دەورووبەری پادگانی «وەلی عەسر» و گوندەکانی »کەرێزەی شکاکان، وەزنێ، دیلانچەرخ، حەڵبێ، کۆیکان و یونسلیان»چالاکییان بەڕێوە بردووە.

لە ‹›شنۆ›› بە شێوەیەکی بەربڵاو لە گەڕەکەکانی «شەکراباد، سەلیم ئاباد، کۆڵانی مامڵێ، قەڵاتۆک، چل میتری، تاچیناوێ، پشت مزگەوتی جامیعە و لە ڕێگای پارکی قەڵاتۆک و گوندی گەلاز « چالاکیی بەڕێوە چوو.

لە ئیلام قارەمانانی دێموکرات بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لە شاری دڕەشار لە چیای کەوێرسەرەوەی جانگیرئاباد، مەلەکشای، و ناوتەنگ» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە بۆکان لاوانی شۆڕشگێڕ بەبۆنەی ساڵرۆژی شەهیدانی کوردستان لەنێو شاری بۆکان، جادەی بورهان، میراوای بۆکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و هەروەها سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کردووە.

لە «سەردەشت» چالاکیی تەبلیغی لە «میراوێ» لە شوێنەکانی: «شیوە مێرێ، ڕێگای چەکۆ و سێپەکان ،خدراوی، ڕێگای بێلۆکێ، وروودیی میراوێ، شیرکەتی گازی میراوێ، شەقامی ئیمام ،کۆڵانی دەرمانگا، شەقامی ئالوەتان و قەبرەستانی میراوێ» بەڕێوە چووە.

لە سەقز ڕۆڵەکانی دێموکرات لە گوندی «وزمەڵە»ی سەقز بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکت لە گەڕەک، کۆڵانەکان و نێو ماڵەکان و هەروەها نووسینی درووشم لەسەر دیوارەکان چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە: «گەڕەکەکانی حەماڵاوای ژووروو و حەماڵاوای خواروو، مزگەوتی ئەمین، سەر چەم ، لای مزگەوتی حاجی ئەرجومەند، شارۆچکەی کوردستان، شارۆچکەی زاگرۆس، تازاوا، شەقامی ڕوودەکی، بلواری ئیمام شافێعی، پشت ئیدارەی ڕا، لای شیرکەتی تەعاونی و حەمامی حاجی مێهری و بلواری حافز و یازیبلاخیی سقز».

لە «کامیاران» ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدان لە سەر گڵکۆی شەهیدی فەرماندە «سالار ئیبراهیمی» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەم چالاکییانە لە چەندین شارۆچکە و گوندی دیکەی کوردستانیش بەڕێوە چوون.

# پەیامی یەکیەتییەکانی خوێندکاران، ژنان و لاوانی دێموکرات
## بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!
خەڵکی خۆشەویست و بەئەمەگی کوردستان!
زیندانییانی سیاسیی کورد و ڕزگاریخوازانی کوردستان!

هەر وەک دەزانن١٠ی خاکەلێوەی ٧٤ ساڵ پێش، بەربەیانیی زوو، یەکەم سەرکۆماری کوردستان پێشەوا ‹›قازی محەممەد›› و هاوڕێیانی ‹›سەیفی قازی و سەدری قازیی››، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، لەلایەن بەناو دادگای حکوومەتی پەهلەوییەوە لە سێدارە دران و گیانی ئازیزیان بە خاکی پاکی کوردستان سپارد، بۆیە ئەم ڕۆژە کە لە بیرەوەریی کورددا وەکوو بیرەوەرییەکی تاڵ و ناخۆش سەیر دەکرێت، لە ئێستەدا کراوەتە هێمایەک بۆ یادکردنەوە شەهیدانی کوردستان و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازەکەیان.

ئەم کۆمارە، کە ئاوات و هیوای میلیۆنان کوردی بندەست و بێدەسەڵات و یەکەم دەسکەوت و سیستمی دێموکراتیک و مودێرنی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، پاش یازدە مانگ و چەند ڕۆژ لە دامەزرانی، بەهۆی پیلانە دەرەکی، ناوچەیی و نێوخۆییەکانەوە، کەوتە بەرهێرشی بێبەزەییانەی ئەرتشی حکوومەتی ‹›محەممەد ڕەزا›› شای پەهلەوی و جوانەمەرگ کرا.

نەمامی ئەم ئاواتە دێرینەی کورد کە تازە خەریک بوو چرۆ دەر بکات و ئەم نەتەوە چەوساوەیە لە سێبەریدا بحەسێتەوە، کەوتە بەر تەوری سپای داگیرکەرەوە و شایی و خۆشیی خەڵک بوو بە خەم و شیوەن، خەباتکارانی کوردیش کە ئاواتی دوارۆژی گەلەکەیان بوون یان بە دەستی سپای داگیرکەرانەوە شەهید و ئەسیر بوون یان ئاوارە و پەڕیوەی وڵاتانی دەرەوە.

نەتەوەی کورد لەپێناو ڕزگاری و سەربەستیدا، گەلێک ڕۆڵەی ئازا و بەجەرگی فیدا کردووە و هەتا ئێستەش بە ئامانجەکانی نەگەیشتووە، بەڵام ئەو زام و خەسارەی کە لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستان هەڵی گرتووە، زامێک قووڵ و بەسۆیە کە ئێستاشی لەگەڵ بێت ساڕێژ نەکراوە، چونکە ئەم دەسکەوتە ئاواتی لەمێژینەی ئەم نەتەوە بەشخوراوە بوو و لە ڕوانگەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دەسکەوت و دەرفەتێکی بێوێنە و بەنرخ بوو کە قەبوولکردنی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەت دەسەڵاتی سەرەڕۆی پەهلەوییەوە ئەستەم بوو.

دەسەڵاتێک کە ئیدعای شارستانیبوونی هەزاران ساڵەی دەکرد، بەڵام لە بەراورد لەگەڵ کۆماری ساوای کوردستان زۆر دواکەوتوو و لەپاش بوو، چونکە وەک لە ناوەکانیاندا دیارە کۆماری کوردستان لەلایەن خەڵکەوە ئیدارە دەکرا و سیستمی پاشایەتی لەلایەن تاکەکەسێکەوە کە خۆی بە سێبەری خودا لەسەر زەوی دەزانی، کۆنترۆڵ و چاوەدێری دەکرا.

بۆیە هەڵەمان نەکردووە، ئەگەر بڵێین جیا لەوەی کە دوژمنانی کورد لەو کاتەش وەکوو ئێستە چاویان بە سەروەری و دەسەڵاتێکی کوردی هەڵ نەهاتووە، سەرهەڵدانی حکوومەتێکی تەواو دێموکرات لە تەنیشتیاندا و کاریگەریی ئەم حکوومەتە لەسەر ڕوانگەی خەڵکەکەیان بە مەترسی و هەڕەشە زانیبێت، چونکە ئێستەشی لەگەڵ بێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بەتایبەتی، فۆرم و قەواریەکی پێشکەوتوو و تەواو دێموکراتیکی هاوشێوەی کۆماری کوردستانیان بەخۆوە نەدیوە.

ئێمەی کورد کە خاوەن وەها دەسکەوتێکی مێژوویی و سیاسین و لە وەها هەڵکەوتەیەکی جوغرافیاییدا هەڵکەوتووین کە لە گەمارۆی داگیرکەرانی دواکەوتوو و بە دوور لە هەر بۆچوونێکی دێموکراتیک دایە، ڕێگای گەیشتن بە سەربەستی و ڕزگاریمان ئەستەم و دژوارە و نرخی ئەم گەیشتنەیشمان نرخێکی گران و بگرە قورستر لەوەی بێت کە هەتا ئێستا داومانە، هەر بۆیە وەک شەهیدی ڕێبەرمان دوکتور قاسملوو فەرموویەتی: ‹›نابێ لە کاتی شەهیدبوونی هاوسەنگەرکانمان بگرین و فرمیسکی برژێنین، بەڵکوو دەبێت بە درێژەدانی ڕێگایان نەهێڵین ڕێبازی پڕسەروەریان ون ببێت، چونکە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە.

**سەرکەوێت بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد**
**بڕووخێت سیستمی کۆلۆنالیزمیی داگیرکەرانی کوردستان**
**ڕۆحی شەهیدانی ڕزگاریی کوردستان شاد و ڕێگایان بەردەوام**
**یەکیەتییەکانی خوێندکاران، ژنان و لاوانی دێموکرات**
**٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# یەکیەتیی ژنان پەیمانی لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە




یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەمەبەستی پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستاندا سەردانی مەزاری شەهیدانیان کرد. لەو چالاکییەدا بەشداربووان وێڕای دانانی گوڵی سوور لەسەر مەزاری شەهیدان و هەڵکردنی مۆمی وەفاداری پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی پڕسەروەریی شەهیدانی سوورخەڵات نوێ کردەوە.

هەروەها لەنێوئاخنی ئەو چالاکییەدا سروودێک لەلایەن گرووپی سروودی منداڵانەوە پێشکەش کرا و شێعر و پەیامی پێوەندیدار بەو یادە خوێندرایەوە.

١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لەسێدارەدانی پێشەوای نەمر «قازی محەممەد» لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کراوە و بەتایبەتی لەو ڕۆژەدا ڕێز لە یاد و ناوی شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان دەگیرێت.

# چالاکی تەبلیغی بەبۆنەی نەورۆز لە کوردستان



لە شاری پیرانشار بەبۆنەی هاتنی ساڵی ٢٧٢١ی کوردی لەلایەن تێکۆشەرانی دێموکراتەوە چالاکیی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چوو. لەو چالاکییانەدا دروشمەکانی: «ڕاسان بەردەوامە، بژی حدکا، نەسرەوتن تا سەرکەوتن، نەمان بۆ خۆفرۆشان و مەرگ بۆ جاشەکان» لەسەر دیواری ماڵەکان نوسراوەتەوە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە بۆکان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی جێژنی نەتەوەیی نەورۆزی کوردەوارییان پیرۆز ڕاگرت. تیکۆشەرانی دێموکرات لە کوچە و شەقامەکانی نێو شاری بۆکان بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی ئەو ڕۆژە نەتەوەییەیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: ‹›پارکی ساحلی، شەقامی نەخۆشخانەی تازە، پارکی شەقایەق، سێڕێیای پاڵەوانی، کوچە و کۆڵانەکانی مەجبورئاوا و قوتابخانەی ١٢ی فەروەردین، پایگای بەسیج، مەسکەنی مێهر ڕووبەڕووی پایگای بەسیج و شەقامی سی مەتری››.

## درێژەی پەیڤ

داستانە وەهمییەکانی لێ بەتاڵ کردەوە و دوژمنی داگیرکەر، ئەوەی چاوی بە وشیاریی و مافویستیی نەتەوەی کورد و ئەویندارانی ئاڵای بەرزی نیشتمان هەڵنایە، تووشی ڕاچڵەکان کردەوە کە ڕاسان و خەباتی کورد، شتێکی ئەودیو سنوورەکان و تەنیا چەند کردەوەیەکی نیزامیی کورتخایەن نییە، بەڵکوو هەقیقەتەکە ئەوەیە کە:

ڕاسان خۆشەویستییە بۆ نیشتمان و ئیرادەیە بۆ بەردەوامی.

هەر وەک ڕێبەری بلیمەت گوتی، لە مێژوودا تۆمار نەکراوە کە نەتەوەیەک ئامادەی دانی نرخی ئازادی بووبێ و دوژمنان توانیبێتیان بیسڕنەوە. هەر بۆیە حوزووری پێشمەرگە بە ئاڵای سەرشانەوە لە نێو خەڵک و نەخشاندنی شاخەکانی کوردستان بە ئاڵای بەرزی نیشتمان و ڕەنگە دەیان کرداری دیکەی داهێنەرانەشی بەدوادا بێ، ئەو تەوژمە قورسەیە کە گۆمی خەیاڵی کۆلۆنیالیستەکان دەشڵەژێنێ و خەونەکانی لێ دەڕزێنێ.

# پەیامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان



**خەڵکی بەشەرەف و ئازادیخوازی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگران و بنەماڵە خۆڕاگرەکان!**

ئەورۆ لێرە کۆبووینەتەوە هەتا ڕێز لە خەبات و فیداکاری و لەخۆبردوویی پۆلێک لە ڕۆڵەکانی حیزب، لە نەتەوەکەمان و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای سەرکۆمار و ڕێبەر، هەروەها ژمارەیەکی دیکە لە هاوڕێیانی بگرین کە لەو ڕۆژەدا و لەپێناو گەل و نەتەوەکەماندا لەلایەن ڕێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتییەوە لە سێدارە دران.

١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی حەفتاوچوار ساڵ بەسەر لە سێدارەدانی پێشەوای ناوداری کورد، پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری یەکەمین کۆماری دێموکراتیکی کوردستان و یارانیدا تێدەپەڕێت و ئەم ڕۆژە کە لە فەرهەنگی سیاسیی ئێمەدا بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە، وەبیرهێنەرەوەی داستانی قارەمانی و گیانفیدایی پێشەوای سەربەرزی کورد و دەیان و هەزاران ڕۆڵەی سەرفرازی ئەم گەلەیە کە زۆر لە خۆبردووانە و خۆنەویستانە بوونە دینەمۆی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان و سەرئەنجام زۆر سەخاوەتمەندانە گیانی شیرینی خۆیان بەختی شکۆمەندیی کوردستان و ژیانی سەربەرزانەی نەوەکانی داهاتوو کرد. بۆیە بە پێویستی دەزانین لەم ڕۆژەدا بۆ جارێکی دیکە سڵاو بنێرین بۆ گیانی پاکی پێشەوای شەهیدی کورد و سەرجەم شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و بەڵێنیی بەردەوامبوون لەسەر ڕێگا و ڕێبازەکەیان بدەین و سەری ڕێز دادەنەوێنین. لە بەرامبەر ئیمانی بەرز و وەفای تا سەریان بە ئامانجە باڵاکانی نەتەوەکەمان کە بووەتە هەوێنی بەردەوامیی و گیانی نیشتمانخۆشەویستیی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، هەتا ئێستا، هەر لەم ڕۆژەدا و لە بیرەوەریی شەهیدەکانماندا، جێی خۆیەتی سڵاو بنێرین بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانیان کە وەک سەرمایەیەکی پڕبەهای نەتەوەکەمان، وێڕای خەمی تاقەتپڕوکێن و لەدەستدانی ئازیزانیان و تێپەڕکردنی ڕۆژگارە سەختەکانی ژیان، هەروەها وەک چیایەک، قورس و قایم، بە شانازییەوە ماونەتەوە.

**خۆشەویستان!**

هەتا لە ساڵی شەهیدبوونی ئازیزانمان دوورتر دەکەوینەوە، ئەوان شکۆمەندتر و مەزنتر دەبن و زیاتر لە ئێستاماندا دەژین. ئەمە ڕازی گیانفیدایی شۆڕشگێڕانە و ئەخلاقییە. چوونکە ئەوەندەی زیاتر دوور دەکەوینەوە، ئەوەندە زۆرتر لە هەستی دەروەستی، ئاقەزی قووڵ، ئەوینی ڕاستەقینەیان سەبارەت بە نیشتمان تێدەگەین کە چۆن لە هەستیارترین ساتەکانی مێژوودا و لەو کاتەدا کە بوون و مافی نەتەوەیەک پێویستیی بە کردەیەکی شۆڕشگێڕانە هەبووە، ئەوان بێ هیچ دوودڵییەک دەستیان داوەتە ئەو کردەوەیە و گیانی خۆیان کردووەتە پردەبازی سەرکەوتن و مانەوە. هەر بۆیە کاتێک باس لە شەهیدان دەکەین، باس لە کردەوەی شۆڕشگێڕانەیە، باس لە ئازادیخوازی و باس لە عەقڵانییەت و ئەخلاقی مروڤییە، ئەو تێگەیشتنەیە کە ئێمە بۆ میراتی بەجێماوی شەهیدانمان، لامان دروست بووە. ئەمانەش بەهای جێگیر و نەگۆڕن و هێزی جووڵێنەر و بگۆڕی مێژوون بۆیە شەهیدان و میراتی بەجێماویان، هەروا زیندووتر و گەشاوەتر دەبێت.

**بەڕێزان!**

لەم ڕۆژەدا ڕەنگە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویست بێت سەرنجی هەلومەرجی ئێستای خۆمان بدەین و بیخوێنینەوە شەهیدانمان ئەوەی وەک ئەرکی مێژوویی لەسەر شانیان بوو ئەنجامیان دا، ئەویش ئەوە بوو کە تا دوایین دڵۆپی خوێنی خۆیان بە باوەڕهەبوون بە حەقانییەتی خەبات و ژیانی پڕسەروەری، بە دژی دیکتاتۆری ڕاپەڕین و گیانی خۆیان فیدا کرد، هەلومەرجێک کە ئەورۆ کۆمەڵگاکانی پێدا تێدەپەڕێت و پێویستی بە ئیمان و باوەڕێکی قووڵ کە پێویستی بە توانایی قوربانی و هاتنە ناو گۆڕەپان هەیە. ئەوە بەهای ژیانی شەرافەتمندانەیە کە تێیدا چیدیکە شاهیدی شەهیدبوونی ئازیزمان نەبین. ئەمڕۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان، لە ناخۆشترین هەلومەرجی ژیاندان ژیانێک کە هیچ ئاماژەیەکی ژیانی بەختەوەرانەی تێدا بەدی ناکرێت، ئەوان لەگەڵ دەسەڵاتێک بەرەوڕوون کە هەستی بەرپرسیارەتی بە ڕادەی نووکە دەرزییەک بەرامبەریان نییە. دەسەڵاتێک کە لە پێناوی بەها ئیدئۆلۆژییە سەدە نێوەڕاستی و داعشییەکانی، ئامادەی کردنە قوربانیی هەمووانی هەیە، بێ توانایی کاربەدەستانی سیستم لە ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەریی کۆرۆنا و مامەڵەی بەهایی کاربەدەستە هەرەباڵاکانی ڕێژیم بەرامبەر بە بەکارهێنانی واکسەنی کۆرۆنا، ئەوە دەردەخات کە ئەو ڕێژیمە تەنیا شتێک کە بۆ خەڵکی دانابێت، هەر مردن و دەستەمۆکردنە. دەسەڵاتێک کە زیاتر لە چل ساڵە، تەنیا بە زمانێک دەدوێت و یەک دیمەنی نەحس و نەگریس نیشان دەدا. زمانی زوڵم و زۆر، چەوساندنەوە و دیمەنی کوشتن و برین و داماڵینی کەسایەتیی تاک و بیرڕێزیکردنی. ئەوەندە بەسە کە بزانین لە ئێستادا، وەک تەنیا مێحوەری شەرارەت لە دنیادا ماوەتەوە و وەک مەترسی بۆ سەر مرۆڤایەتی و جیهان دەناسرێت. چوونکە تەنیا سیستمێکە کە لە پێناوی سیاسەتە تێرۆریستییەکانیدا، مروڤەکان دەکاتە سووتەمەنی.

ئەگەر سەرنجێکی کورتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆمە خوێنەکانی ئەو نیزامە دیکتاتۆرە لە عێراق، لوبنان، یەمەن، سووریە و فەلەستین بدەین ئەوەمان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت؛ تازەترین ڕیسوایی ئەم ڕێژیمە تێرۆریستپەروەرە لە بلژیک و گومانی حاڵەتی هاوشێوە لە وڵاتانی دیکەی ئوروپایی بە هەمان شێوە نیشاندەری ئەوەن کە ئەم ڕێژیمە بۆ تەنیا چرکەیەکیش لە سیاسەتە تێرۆریستی و شەڕئەنگێزییەکانی مەودای نەگرتووە.

**بەڕێزان!**

ئەوەی کە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بندەستی ئەو سیستمە دیکتاتۆرە، لە هەلومەرجێکی ئەوپەڕی خراپیدایە، هیچ گومانێکی تێدا نییە. لە باری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و بوارەکانی دیکەشەوە، هەلومەرجەکەی بە جۆرێکە کە هیچ ڕۆژێکی لە ڕۆژی پێشتر باشتر نییە، بە کورتی هەموو ئاماژەکانی هەرەسهێنان و گۆڕان دەرکەوتوون، بێگومان ئەو ڕێژیمەش هەروا بە ئاسانی و دەست لەسەر دەست ڕاناوەستێت و خۆی نادات بە دەستەوە. هەر بۆیە لە ئێستاوە، بۆ بە دەستهێنانەوەی مەشرووعییەت و بەلاڕێدابردنی سەرنجی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، خەریکی دروستکردنی سیناریۆ و ئامادەکردنی شانۆکارییە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری کە وا بڕیارە لە جۆزەردانی ئەمساڵدا بەڕێوە بچێت.

ئەوەی گرینگە بیزانین و بناغەی کار و کردەوە و تێکۆشانی خۆمانی لەسەر دابڕێژین ئەوەیە کە ئەو سیستمە بە هەر فێڵێک خۆی نیشان بدات و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هەر بیانوو و هۆکارێک بیهەوێت لەگەڵی پێک بێت و هەڵ بکات، لەوە ناگۆڕێ کە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان و سەرزەمینی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دیکە، لەوپەڕی ناڕازی بووندایە و کەلێنەکانی نێوان دەسەڵات و خەڵک بە جۆرێکن کە تەنیا بە ڕووخانی ئەو سیستمە پڕ دەبنەوە.

بۆیە گرینگە ئێمە بناغەی کاری خۆمان لەسەر ئەوە دابڕێژین و هەنگاوەکانمان بەرەو داهاتوو لەسەر ئەوە چڕ بکەینەوە.

**خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!**

بیرەوەریی شەهیدەکانمان ئەوەمان پێ دەڵێت کە کوردستان بەردەوام سەنگەری ئازادیخوازی و عەداڵەتی ژیانی شکۆمەندانە بووە.

ئەوە میراتێکی مەزنە و دەبێ بە شانازییەوە باسی بکەین و بەڕاستیش هەست بە شانازی دەکەین، کە دەبینین هزری پاراستنی کوردستان لە دڕەندەیی داگیرکەران، خەریکە زۆربەی بوارە کۆمەڵایەتی، کولتوری، ژینگەیی، تەندروستییەکان و بوارەکانی تری گرتووەتەوە. ڕەشبگیرییەکانی ئەو دواییانەی چالاکانی مەدەنیی کوردستان، نیشاندەری ئەوەن کە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر کۆمەڵگایەکی وشیار و ئامادەیە بەڵام ئەوەش پێویستیی بە هاوسۆزی و یەکدەنگی و یەکگرتووییە، بۆیە دەبێ لە هەموو کاتێک زیاتر چاوەڕوانی ئەو یەکدەنگی و یەکگرتووییە لە یەکتر بین، هەروەها هیوا و ئارەزوومان ئەوەیە شاهیدی ئەو یەکگرتووییە بین هەتا بە وەسەرخستنی هێز و تواناکانمان باشتر بەرەو ئەهداف و ئامانجەکانمان کە هەمان ئاوات و ئامانجی گەلی کوردن، وڵاتەکەمان، کوردستان ڕزگار بکەین ئێرانیش لەژێر چەپۆکی داگیرکەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕزگار بکەین. بەو جۆرەش ڕۆحی شەهیدەکانمان شاد بکەین و بناغەی ژیانێکی شەرافەتمەندانە بۆ نەوەکانی داهاتوو مسۆگەر بکەین بۆیە جارێکی دیکە لەم ڕۆژەدا، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٠ ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد و قاسملووی ڕێبەر و دوکتور سەعیدی مامۆستا و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان و بەڵێن نوێ دەکەینەوە هەتا سەرکەوتنی ئاوات و ئامانجەکانیان درێژەدەری ڕێبازە شانازیخولقێن و پیرۆزەکەیان بین.

**سڵاو لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل**

**سەرکەوێت خەباتی گەلی کورد بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**بڕووخێت ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٠**


**هەتا لە ساڵی شەهیدبوونی ئازیزانمان دوورتر دەکەوینەوە، ئەوان شکۆمەندتر و مەزنتر دەبن و زیاتر لە ئێستاماندا دەژین. ئەمە ڕازی گیانفیدایی شۆڕشگێڕانە و ئەخلاقییە. چوونکە ئەوەندەی زیاتر دوور دەکەوینەوە، ئەوەندە زۆرتر لە هەستی دەروەستی، ئاقەزی قووڵ، ئەوینی ڕاستەقینەیان سەبارەت بە نیشتمان تێدەگەین کە چۆن لە هەستیارترین ساتەکانی مێژوودا و لەو کاتەدا کە بوون و مافی نەتەوەیەک پێویستیی بە کردەیەکی شۆڕشگێڕانە هەبووە، ئەوان بێ هیچ دوودڵییەک دەستیان داوەتە ئەو کردەوەیە و گیانی خۆیان کردووەتە پردەبازی سەرکەوتن و مانەوە**

**دەسەڵاتێک کە لە پێناوی بەها ئیدئۆلۆژییە سەدە نێوەڕاستی و داعشییەکانی، ئامادەی کردنە قوربانیی هەمووانی هەیە، بێ توانایی کاربەدەستانی سیستم لە ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەریی کۆرۆنا و مامەڵەی بەهایی کاربەدەستە هەرەباڵاکانی ڕێژیم بەرامبەر بە بەکارهێنانی واکسەنی کۆرۆنا، ئەوە دەردەخات کە ئەو ڕێژیمە تەنیا شتێک کە بۆ خەڵکی دانابێت، هەر مردن و دەستەمۆکردنە**

**ئەوەی گرینگە بیزانین و بناغەی کار و کردەوە و تێکۆشانی خۆمانی لەسەر دابڕێژین ئەوەیە کە ئەو سیستمە بە هەر فێڵێک خۆی نیشان بدات و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هەر بیانوو و هۆکارێک بیهەوێت لەگەڵی پێک بێت و هەڵ بکات، لەوە ناگۆڕێ کە کۆمەڵگای ئێران و کوردستان و سەرزەمینی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دیکە، لەوپەڕی ناڕازی بووندایە و کەلێنەکانی نێوان دەسەڵات و خەڵک بە جۆرێکن کە تەنیا بە ڕووخانی ئەو سیستمە پڕ دەبنەوە**

# پێشەوا قازی لە پێرسپێکتیڤێکی نزیکتر و ڕوانگەیەکی ڕوونترەوە!

## بە بۆنەی دەی خاکەلێوە




**پێشەوا مێژووی میللەتی کورد و ڕاپەڕینە میللییەکانی کوردی خوێندبوویەوە. ئەزموون و ئامانجە سیاسییەکانی ڕێبەرانی پێش خۆی فۆرموولە کرد و لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا دایڕشتبۆ ڕێبەریکردنی ئەو پرۆژەیە، حیزب و تەشکیلاتی مۆدێڕنی دروووست کرد و دەوڵەتی لە شکڵی کۆماریدا بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە سیاسییە پێکهێنا**

ئیبراهیم لاجانی

بۆ تیشکخستنە سەر کەسایەتی گەورە و مەسیحئاسای پێشەوا، چەند نموونەیەک لە هەڵوێستە مێژووییەکان لە چەند کۆنتێکست و چەند مەوقعیەتی جۆراوجۆردا دەخەینە بەرچاو جا دوایە کەسایەتی پێشەوا دەخەینە بەر ڕووناکی.
مرۆڤی سیاسی و خەباتگێڕ بە هەڵوێستە سیاسییەکانی ئیعتیبار و وەجاهەت و کریدیبلیتی سیاسی وەدەست دێنی.
«بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخرهەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی جمهوری کوردستان و یەکیەتیی کوردوئازەربایجان موتیع و وەفادار بم»

### سوێندی پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی جمهوریەت

«ئەوە کە لەڕێگای ئازادی میللەتی خۆم بکوژرێم، جگە لە ڕەحمەتی خودا شتێکی دی نییە. بە مەرگی جوامێرانەی خۆم شانازی دەکەم»

### لە بەناو دادگادا

«ئەو مافە بە کەس نادەم سوکایەتی بە میللەتی من بکات. من لە پێناوی ئەو میللەتەدایە کە ئێستا بە ئیعدام مەحکووم بووم. قازی محەممەد ئیدی شتێکی دیکەی نییە لە دەستی بدا، کەسێک دەست لە گیان هەڵگرێ، قسەی دڵی خۆشی دەکا. ئەوەی کە لە خوام دەویست، یانی شەهادەت لە ڕێگای خوا و وەتەندا بە دەستم هێناوە»

### قازی محەممەد لە بەناو دادگادا

«ئەنگیزەی من بۆ ئەو کارانە کە کردوومن سەرزەمین و میللەتەکەم بووە، هەرکارێک لەگەڵ من دەکەن بیکەن بەڵام دەست لە ئازاری میللەتەکەم هەڵگرن»

### دیفاعیات لە بەناو دادگادا

«لە ئاخرین سەعاتەکانی ژیانمدا، خودا بە شاهید دەگرم کە لە ڕێگای ئازادی و بەختیاری ئێوەدا گیان و ماڵی خۆم فیدا کردووە و لە هیچ هەوڵ و کۆششێک درێخیم نەکردووە»

### وەسیەتنامە

«کوردستان سەرزەمینی میللەتی کوردە و ماڵی وییە. کەس مافی حەسادەت و بەخێڵی نییە. هەموو لەو ماڵەی خۆدا ئازادن. هەرچی لە دەستتان دێت بۆ ئازادی کورد درێخی مەکەن»

### وەسیەتنامە

پێشەوا ئەو لووتکە گەورەی جوگرافیای ناسیۆنالیزمی کوردستانی، دەکرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە سەیری بکرێ. تا پتر لێی بڕوانی و لە پێرسپێکتیڤی جیاوازترەوە سەیری بکەین، پتر گەورەیی ئەو ئینسانە مەزنەمان بۆ دەردەکەوێ.
من ئەو ماوەیە جارێکی دیکەش بە هەندێك لە بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماردا چومەوە و هەندێك یاداشتم هەڵگرتوون کە پێشەوا لە گۆشەنیگای نزیکترەوە دێننە بەرچاو.
قازی هەر لەو ماوە کورتەدا کە پێی نایە مەیدانی سیاسەتی کوردی، بە خێراییەکی زۆر بووە ئەستێرەی هەرەپرشنگداری ئاسمانی کوردایەتی و خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی میللەتەکەمان.
ئەوەتا ئێستا بۆتە سەمبولی قوربانیبوون، فیداکاری و بۆتە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەبات بۆ هەموو ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان.
سیاسەتەکانی و بەرنامەی سیاسیی پێشەوا، پاش تێپەڕینی ئەو ماوە درێژەش، هەروا مەوزوعیەتیان هەیە و ئێستاش هەروا ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی ئێران و هەڵدان و گەشەکردنی کوردستان و وڵاتەکەمانن.
دامەزرانی دێموکراسی، سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، دابینکردنی مافی کەمایەتییە میللی و مەزهەبییەکانی وڵاتەکەمان، دابینکردنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دیسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و پێکهێنانی هەلومەرج بۆ کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران تا بتوانن لە پرۆسەی سیاسی و حاکمیەتی گشتییدا بەشداری بکەن، هەروا مەسەلەی ڕۆژن لە سیاسەتی ئێراندا.
بەرنامەی سیاسیی پێشەوا بۆتە مانیفێستی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کورد. دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردستانی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین، هەروا ئامانجی هەرەبەرزی بزووتنەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.
ئەو جادەیە کە قەتاری جووڵانەوەی کوردی پێدا دەڕوا، هەر ئەو جادەیە کە پێشەوا موهەندسیی کردووە. ئێمە نەسڵەکانی دوای ئەو گەورەترین شانازیمان تەنیا ڕەنگە هەر ئەوە بێت، کە نەمانهێشتووە ڕێبازەکەی کوێر بێتەوە و خەباتەکەی ئەومان بردۆتە پێشێ.
وەك شەهاب بە ئاسمانی خەباتی میللیماندا کشا و کوردی لە خەوی غەفلەتی ژێرچەپۆکی ڕاچڵەکاند و ئێستاش لەو شەوەزەنگە تاریکەدا لە پەنجەرەی مێژوومانەوە، هەروا دەبینرێ و دەدرەوشێتەوە.
پێشەوا مێژووی میللەتی کورد و ڕاپەڕینە میللییەکانی کوردی خوێندبوویەوە. ئەزموون و ئامانجە سیاسییەکانی ڕێبەرانی پێش خۆی فۆرموولە کرد و لە شێوەی پرۆژەیەکی سیاسیدا دایڕشت.
بۆ ڕێبەریکردنی ئەو پرۆژەیە، حیزب و تەشکیلاتی مۆدێڕنی دروووست کرد و دەوڵەتی لە شکڵی کۆماریدا بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە سیاسییە پێکهێنا.
دواتر لە دادگادا و لە جەرەیانی سەفەرەکانیدا بۆ تاران دیفاعی لە کار و بەرنامەی سیاسیی خۆی و ئامانجەکانی میللەتی کورد کرد و تا سەر پێیان وەفادار مایەوە و گیانی خۆشی لەو پێناوەدا بەخت کرد. دوای مردنیشی بوو بە ڕەمزی فیداکاری لە پێناو میللەتدا.
لە دەورانی بزووتنەوە دژی ئیستیعمارییەکاندا، لە هەموو وڵاتانی ناوچەدا، ڕێبەرانی بزووتنەوەی دژی ئیستیعماری توند بە خەباتی دژی ئیستعمارییەوە نوسابوون و دواتریش هەموویان دیکتاتۆر و سەرەڕۆ دەرچوون.
پێشەوا لە سیاسەت و کردەوەدا، بۆ ئازادی و دێموکراسی، ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تێدەکۆشا و بە هەرسێکیان وەفادار بوو.
لە ئەوپەڕی ئیقتداری سیاسیدا، خەڵکی و خاکی و لە هەڵسوکەوتدا دێموکرات بوو و دێموکراتیش مایەوە.
لەو دەورانە مێژووییەدا، لە نێو ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتاندا، ئەوە تەنیا پێشەوا بووە کە نەکەوتۆتە داوی سەرەڕۆییەوە.
توخمی پێشکەوتنخوازی لە بەرنامەی سیاسی و کارنامەی حکومەتی پێشەوادا وەك ڕۆژی ڕوون دیارە. ڕێفۆرمی ئەرزی و مەسەلەی دابینکردنی مافەکانی ژنان و پەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و ئەمنیەتی قەزایی و سێکۆلاریزەکردنی دادگاکان باشترین نموونەی ئەو قسەیەن.
لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی ڕووحانی بووە، بەڵام هیچکات وەك ڕێبەریی دینی لە حیزب و حکومەتدا هەڵسوکەوتی نەکردووە و لە هەموو جێگایەك وەك ڕێبەری میللی و سیاسی قسەی کردووە.
نە دینی خستۆتە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی خۆی و نە سیاسەت و حیزب و حکومەتی کردونەتە بووکەشوشەی دەستی دین و مەزهەب.
لە سەرتاسەری ئێراندا ئەودەم ئاخوندەکان دژی ئیسلاحاتی ئەرزی و مافەکانی ژنان بوون و دژایەتیان دەکردن، بەڵام پێشەوا تێدەکۆشا بیانکاتە واقعیەتێکی ژیانی ڕۆژانە.
کۆماری کوردستان پرشنگدارترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستانە. ئەوەی تا ئێستا هەمانە و لە داهاتووشدا تا چاو بڕ دەکا دەمانبێ، هەر لەوێڕا دەست پێدەکا.
بیگ بانگ، تەقینەوەی گەورەی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردستانی لەوێڕا سەرچاوە دەگرێ و ئێستاش ئەو ئینێرژییەی کە وەریدەگرێ هەر لەو تەقینەوە گەورەیەوە پێی دەگا.
پێشەوا سەرۆکی حیزب و سەرکۆمار بوو، بەڵام قەت حکومەتی نەکردە ئاڵقەبەگوێی حیزب. حیزبی نەکردە سەرباری حکومەت و زەنجیر بۆ دەست و پێی حکومەت. قەت نەبوو لە کێوی سینای دەفتەری سەرکۆماری و سەرۆکایەتی حیزبەوە فەرمان نازڵ بکات.
بڕیارەکان دەستەجەمعی دراون و ڕاوێژیان لەسەر دەکرا و بە فیلتێرە پێویستەکاندا تێدەپەڕین جا دوایەش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەکرانەوە و بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی دەگەیەشتن.
حیزب ماتۆڕی بردنە پێشی بەرنامەکان و ڕێکخستنی میللەت و مۆبیلیزەکردنی تواناکان بوو نەك دەستوپێگر. هەموو ئیمکاناتی حیزبی خستبووە خزمەت حکومەت نەك بەپێچەوانەوە.
قەت خۆی لە جێی کۆمیتەی ناوەندی دانەدەنا و کۆمیتەی ناوەندیشی لە جێی حیزب دانەدەنا و حیزبیشی لە جێی میللەت دانەدەنا.
خۆی و حیزب و کۆمار و دەوڵەتی بۆ خزمەتی میللەت دەویستن. پێشەوا بەرانبەر بیروڕای گشتی لە سەر هەست بوو. ئەو کەسێك نەبوو گوێ نەداتە بیروڕای گشتیی میللەت و ڕوانگە و بیروبۆچونی هاوکارەکانی بە گرنگ دەگرت.
مەیدانی بۆ درووستبوون و پێگەیشتنی چینی ناوەندیی کۆمەڵگای کوردستان خۆش دەکرد. ئەدیب و زانا و فەرهەنگییەکانی کوردی لە دەوری حیزب و کۆمار کۆ کردبوونەوە و خستبوونیە خزمەت میللەت و پەرەسەندنی زمان و ئەدەب و کولتور و پەروەردە و فێرکردنی میللی.
هەموو توانای ڕووناکبیرانی کوردی خستبووە خزمەت خەبات و بەرنامەکانی حکومەتی کوردستان. ئەو حیزبەی ئەو لە دوای خۆی بەجێی هێشت، ئێستاش هەروا خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە و ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر

درێژە لە لاپەڕەی ٦

درێژەی لاپەڕەی ٥

لەوەڕا دێ کە حیزبی پێشەوایە و پێشەوا دایمەزراندووە.

مایەوە و گیانی خۆشی لەو پێناوەدا بەخت کرد. دوای مردنیشی بوو بە ڕەمزی فیداکاری لە پێناو میللەتدا.

پێشتر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بە هۆی پێگە و نفوزی عەشیرەتی و ئایینییەوە هاتونەتە سەر. پێشەوا لە ڕێگای حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەییەوە هاتبووە سەر. ئەو هەم مەشروعیەتی هەبوو هەم لێوەشاوەیی زانستی و سیاسی و هەم یەکپارچەیی ئەخلاقی و هەم مەحبووبیەتی جەماوەری.

پاش مەرگیشی هەروا خۆشەویست مایەوە. کەمن ئەو ڕێبەرانەی ئاوا لە نێو میللەتی خۆیاندا خۆشەویستن و هەر خۆشەویستیش دەمێننەوە.

پێشەوا ڕزگاریخواز، ئازادیخواز، پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ بوو. ڕاستەوخۆ لەگەڵ میللەت پێوەندیی هەبوو. ئەو دیوانسالاری و بۆڕۆکراسی بۆ بردنەپێشی بەرنامە و پڕۆژەکانی کۆمار هێنایە کایە و موئەسەساتی بۆ کۆمەڵ و کۆمار درووست کردن، بەڵام وەك پێشەوای میللی قەت نەهات خۆی لە قاوغی تەسکی بۆروکراسی حیزبی و دەوڵەتیدا زیندانی بکا.

ئەو بە کردەوە ڕێبەرایەتی دەکرد و لە ڕیزی پێشەوەی کار و خەبات و هەوڵ و تێکۆشان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان بوو. خاکی و خۆماڵی و بێفیز و تەکەبور بوو. ئەو هاتبوو وەك بۆخۆی لە ڕۆژی سوێندخواردنەکەیدا فەرمووی، سەروماڵی فیدای میللەت و نیشتمانەکەی بکا.

ئینسانێکی زانا و خاوەن فەرهەنگ بوو، هەر بۆیەش بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ و ئەدەب و کولتور دەدا. دەورانی حکومەتی کۆماری کوردستان لە مێژووی میللەتی کورددا، تا ئەو دە دوازدە ساڵەی دوایی، پڕشنگدارترین قۆناخی گەشەکردنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردییە کە مێژوو بە خۆیەوەی دیتوویەتی.

ئەو زمانە ئەدەبی و سیاسییەی ئەمڕۆ بەکاری دێنین، هەر هەمان زمانە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوو بە زمانی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆژنامەگەری کوردی.

نەخش و بەشی خەڵك لە بزووتنەوە و دەسەڵاتدا، نەخش و سەهمی هەرەزۆر بوو. پێشەوا دەسەڵاتی حیزبی و حکومەتی لە دەستی خۆی و کەسوکارەکانیدا کۆ نەکردبوویەوە.

چەترێکی گەورە بوو کە هەموو لە ژێریدا جێگایان دەبوویەوە. پێوەر بۆ ئەو خزمەت بوو. ئەو گەورەترین کۆڵەکەی هاوبەش بوو. مەخرەجی موشتەرەك بوو. تەمەنی کەم بوو، هیچ عەشیرەت و تایفەی لە پشت نەبوون، بەڵام توانی لە کۆمەڵگای دواکەوتووی ئەودەمی کوردستاندا، ببێتە کاریزمایەکی میللی هێندە گەورە کە هەموو عەشیرەتە گەورە و ناتەبا و تەنانەت نەحەواوەکان، لە دەوری فەرماندەییەکی سیاسی و نیزامی کۆ بکاتەوە و تەنانەت کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، ڕاکێشێتە ژێر ئۆتۆریتەی میللی کۆماری کوردستان.

یەکپارچەیی ئەخلاقی پێشەوا لە پلەیەکی هێندە بەرزدا بوو کە گەورەیی و مەزنی خۆی لە گەورەیی و مەزنی میللەت و خەڵك و هاوکارەکانیدا دەدیت و پێویستی بەوە نەبوو کەسانی دی نەبینێ و وەلایان بنێ.

بەپێچەوانەوە ئەو دەیزانی گەورەیی و مەزنایەتی لەوەڕا دێ کە بتوانێ خەڵك و کەسانی گەورە و بە ئۆتۆریتە لە دەوری خۆی و بەرنامەکانی کۆکاتەوە نەك بەپێچەوانەوە.

ئاخر کەسێك کە دەسەڵاتی سیاسی و حیزبی و حکومەتی لە خۆی و دەوروبەری خۆیدا کۆ دەکاتەوە، کەسێکە کە توانای سیاسی و فکری و ئەخلاقییەکەی بەرتەسکە، کاراکتێرێکی بێ هێزی هەیە و دەوروبەرەکەشی هیچ کارە و لێنەهاتوون.

پێشەوا نیهادسازی کرد، بزووتنەوەی کردە میللی و گشتی. حیزبی نەکردبووە فیرقە و سێکتێکی سیاسی، حیزبی دێموکرات لە سەردەمی پێشەوادا، جەبهەیەکی بەرینی میللی بوو کە هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان لە نێویدا جێیان دەبۆوە و هەمووشیان بە هی خۆیان دەزانی؛ شاعیر وتەنی بە ملیۆن کورد، سوژدەیان بۆ دەبرد.

ئەو خسڵەتە میللییە کە وەك میرات بۆ حیزبی دێموکرات بەجێماوە هەر لەو دەمەڕا دێ کە پێشەوا کردییە حیزبی میللی.

حیزبی دێموکراتی دروست کرد و لە ڕێگای حیزبەوە بوو بە پێشەوای گەل و دواتر حیزبیشی خۆشەویست کرد.



دەڵێن هەر خەباتێك ڕێبەری خۆی درووست دەکا، حیزب و بزووتنەوەی کوردستان لە سەردەمی پێشەوادا جەماوەری و میللی و گەورە و بەرین بوون، بۆیەش ئەو ڕێبەرە گەورەیان هێنایە مەیدان.

ئەوەتا ئێستاش مەیدانی چوارچرا و گۆڕی پێشەوا، بوونەتە سەمبوولی نیشتمانپەروەری و مەکۆی کوردایەتی و قیبلە و زیارەتگای ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و پێشەوا لە دڵی نەتەوەی کورد و ویژدانی میللەتی کورددا هەر زیندووە و ڕێباز و ئامانجەکانی هەروا ئامانجی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستانن. گۆڕی پێشەوا بۆتە کورەی جۆشدانی کوردایەتی و لە سەرتاسەری کوردستاندا خەڵك سوێندی گەورەیان بە گۆڕی پێشەوایە.

ئەوە مانایەکی گەورەی مەعنەوی و ئەخلاقی هەیە.

بیری سیاسی پێشەوا هێشتاش هەروا بە پێشەنگ دادەنرێ و مەوزوعیەتی هەیە و ڕوو لە گەشەیە.

ئەو درەختەی پێشەوا چاندی، هەروا دێ پتر ڕەگ لە کوردستاندا دادەکوتێ. ئەو ئینێرژییە میللییە کە لە پشتی سەری بزووتنەوەی کوردستانەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو هێزە کە نەیهێشتووە حیزبی دێموکرات بشکێ، یا لە ڕەیلی خۆی لادا، هەر ئەو ئینێرژییەیە کە لە پێشەواوە پێی دەگا.

ئەمڕۆ بە ملیۆن کورد لە هەموو کوردستاندا پەیامی پێشەوایان کردۆتە مەشخەڵی ڕێنیشاندەری ڕێگای خەباتیان.

هەموو هێزە کوردستانییەکان چ لە بەشی ڕۆژهەڵات یا لە بەشەکانی دیکە، لە ڕاستی ڕاستەوە تا چەپی چەپ و تەنانەت مەزهەبییەکانیش، شەجەرەی سیاسی خۆیان دەبەنەوە سەر پێشەوا و دەیانهەوێ مەشروعیەتی لێ وەرگرن.

هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر، تین و ڕووناکی لە خۆر وەردەگرن، هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش تین و ڕووناکی لە پێشەواوە وەردەگرن. ئەو گەرمی و ڕووناکییەش لە بن نایە و دەگاتە هەموانیش. ئەو شوێنەوارەی پێشەوا لە سەر تاکی کورد، میللەتی کورد، سیاسەتی کورد و ویژدانی میللی کوردستان بە جێی هێشتووە، باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەن.

ڕاستە کۆماری کوردستان ڕووخا و بزووتنەوە پاشەکشەی کرد، بەڵام بیری پێشەوا نەشکا، چونکە شکست ئەوەیە قەت هەڵنەستیەوە. هەرکەس پاش کەوتنەخوار درەنگ یا زوو هەستێتەوە، نەشکاوە.

بەرنامەی سیاسی و حیزبی پێشەوا و خەباتی پێشەوا، بە جۆرێك لە کوردستاندا ڕەگیان داکوتاوە، کە ئەوتا شەوەزەنگی ڕەشی ئیستبدادی ئاخووندیش، نەیتوانیوە، لە گەشە و هەڵدانیان بخات؛ پێشەوا و کۆماری کوردستان و بەرنامەی سیاسیی پێشەوا ئێستا بوونەتە ڕێفێرانسە و نەسڵەکانی ئێستا و داهاتووی کوردستان خۆیانی پێ پێناسە دەکەن. چونکە قۆناخی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە مێژووی میللەتی کورددا بەرجەستەیی مێژوویی هەیە و سەردەمی زێڕینی مێژووی دەسەڵاتداریەتی هاوچەرخی کوردە.

پێشەوا هەموو هەڵوێستەکانی چ لە پێوەندی لەگەڵ تاران و چ لەگەڵ تەورێز و چ لەگەڵ زلهێزەکان و چ لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە نێوخۆییەکانی کوردستاندا، تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی کوردستان و دێموکراسییەوە دەگرتن.

مەهارەتێکی بێوێنەی لە فۆرمووڵەکردنی داخوازەکانی میللەتی کورد و پەیامی سیاسیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا هەبوو.

ئەوەش بوو پێشەوای کردبووە ڕێبەرێکی تەواو عەیاری میللی. لەخۆڕا نەبوو بووە پێشەوا و هەروا بە پێشەوایش مایەوە.

پێشەوا فیداکاری کرد و تەڵەبکاریش نەبوو. ئەو لە دادگاشدا دەزانێ شەهیدی دەکەن، بەڵام دیفاعی سەرسەختانە لە میللەتی کورد و داخوازەکانی میللەتی کورد دەکا.

لە وەسیەتنامەکەشیدا و لە سەر سێدارەش هەر داوا لە ڕۆڵەکانی کوردستان دەکا خەبات بەرنە پێش و خواش بە شاهیدی دەگرێ کە بە سەروماڵ، خزمەتی میللەتی خۆی کردووە و داوا دەکات ئەگەر قسوریی هەیە نەتەوەکەی ببەخشن.

بەمجۆرە ئەو هیچ تەڵەبکار نییە و فیداکاریشی بۆ ئەوە نەکردووە لە میللەتەکەی تەڵەبکار بێت. تەنیا داوای ئەوەیە میللەت پشت بە یەك ببەستن و خۆیان بە عیلم و زانست تەیار بکەن و خەبات بەرنە پێش و نەهێڵن ئاگری خەبات لە نێڵە بکەوێت.

بۆیە لە پێدەشتی کاکی بە کاکی بزووتنەوەی کورددا بۆتە لووتکەی هەرەبەرزی فیداکاری و گیانبازی و نیشتمانپەرستی و وڵاتپارێزی.

ئەوە چەند دەیەیە کە تەواوی دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەتی ئێران و ناسیۆنالیزمی مەزنیخوازی ئێرانی و کۆنەپەرستیی ناوچە و تەنانەت زڕەچەپی کورد و ئێرانیش کەوتونەتە خۆ تا پێشەوا تەخریب کەن و خۆی و بەرنامە و کارنامەکەی ڕەش بکەن،بەڵام نەك هەر نەیانتوانیوە زەڕەیەك لە گەورەیی و خۆشەویستی پێشەوا کەم کەنەوە، بەڵکوو پێشەوا هەروا دێ و مەزنتر و خۆشەویستتر دەبێ و بەرنامەی سیاسی پێشەوا ئەمڕۆ بۆتە بەرنامەی ڕێگاچارەی گیروگرفتەکانی وڵاتە خۆشەویستەکەمان.

ئەو کەسایەتییەك بوو تێدەکۆشا کۆرپەی ئازادی و ڕزگاری کوردستان، لە نێو میللەتی کوردەوە بۆ سەر دونیا هیدایەت بکا. حیزب و تەشکیلاتی بۆ ئەو کارە دەویستن و حیزب بۆ ئەو کەناڵی خزمەت بە گەل و نیشتمان بوو.

پێشەوا کەسێك بوو کە مێژووی کورد و زەمان هێنابوویە پێشەوە. لە ماوەیەکی کورتدا کە دەستی بە کاری سیاسی کرد، نەخشی هێندە گەورەی گێڕا کە لە مێژووی میللەتی خۆیدا بوو بە گاندییەك، ناپلیۆنێك، ماندێلایەك. ئەو درووستکار بوو.

خۆی و دەزگای حکومەتەکەی دووربوون لە گەندەڵی. ئێستاش درووستکاری نەك بە فەزیلەت بەڵکوو بە موعجیزە دادەنرێ، کەچی پێشەوا لە هەموو گەندەڵی و ئالودەگییەك بەدوور بوو.

ئەو کێوێك بوو لە ئەخلاقیاتی بەرز و ئیستراتیژیی سیاسی و سەلامەتی ویژدانی. هەر بۆیەش ئیعتبارێکی سیاسی و مەعنەوی گەورەی لە نێو میللەتدا هەبوو.

دەڵێن مێژوو ڕەحم بە کەس ناکا. پێشەوا لە نێو ڕێبەرانی سیاسی میللەتی کورد و میللەتانی دیکەی ناوچەدا، لە ڕیزی هەرەپێشەوەی ئەو ڕێبەرانەدایە کە ژمارەشیان بەداخەوە زۆر کەمە، کە لە ئیمتیحانی سەختی مێژوو دەرچوون و ڕووسوور هاتوونە دەر؛ لایەنێکی دیکەی گەورەیی پێشەوا لەو پیلانە گەورەیەڕا دێ کە کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و دوژمنانی کورد لە دژی ئەو و حکومەتەکەی بەڕێوەیان برد. ئەو ڕاستییە لە ڕەوتی دادگادا و لە چۆنییەتی حوکمدانی قازییەکان و لەداردانیاندا بە باشترین شێوە دەردەکەوێ.

پێشەوا بێ کیفایەت نەبوو، بەڵام پیلانێکی نێونەتەوەیی لە دژی ئەو وەڕێخرا کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەودا بوو. ئەو ژمارەیەکی کەم کارتی بۆ یاری لە دەستدا بوون، لە هەموو کارتەکان بە باشترین شێوە کەڵکی وەرگرت.

توانا و لێوەشاوەیی و درووستکاری و مودیریەت و بەتەگبیریی پێشەوا پێشتر لە زۆر بواردا تاقی کرابۆوە. ئەوەی ڕووی دا ئاکامی پیلانی هاوبەشی زلهێزان و کۆنەپەرستی بوو.

بەبڕوای من گەورەترین تایبەتمەندیی پێشەوا ئەوەیە کە ئەو وەک ڕێبەر و پێشەوای میللەتی کورد لە بەرامبەر میللەت و مێژوودا هەستی بەبەرپرسایەتی دەکرد.

ڕێبەرانی ئێستای کورد دەبێ زۆر دەرسی بەنرخ لە پێشەوا فێربن، بەڵام لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە ئەو ئیحساسی مەسئولیەتە لە بەرانبەر میللەت و مێژوودا، لە قازی نەمر فێر بن.

شەخسیەتە سیاسی و ڕووداوە مێژووییەکان، بەو پێوانە هەڵدەسەنگێنرێن، کە لە کاتی خۆیان و لەدوای خۆیان چ شوێنەوارێکیان بەجێهێشتووە و چ تەئسیرێکیان داناوە. جا ئەگەر لەو پێرسپێکتیڤەوە تەماشای کەسایەتی سیاسی پێشەوا و ئەو ڕووداوانە بکەین کە لە ماوەی ڕێبەرایەتی ئەودا ڕویانداوە، هەر لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، تا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و پاشان ئێعدامی پێشەوا، هەر کام لەو ڕووداوانە بە تەنیا و بەسەر یەکەوە و شەخسیەتی سیاسی پێشەوا و حزووری پێشەوا لە حافیزەی میللی نەتەوەیی کورددا، ئەوە دەردەخەن کە پێشەوا و هەڵوێستە سیاسییەکانی و کاروکردەوەکانی، گەورەترین ڕووداوی مێژووی سیاسی کوردن لە مێژووی هاوچەرخی کورددا و تەکانی ئاخیریان بە نەتەوەی کورد داوە و بە لوتکەی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردستانی دادەنرێت. کورد ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی ئێستاش هەر لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا دەبینێ، ئەو ئامانجانەی کە لە کەسایەتی سیاسی پێشەوادا وێنایان پەیدا کردبوو و پێشەوا گیانی خۆشی لە ڕێگای ئەواندا دانا.

ئێستاشی لەگەڵ بێ پێشەوا گەورەترین و پڕقودرەتترین کەسایەتی سیاسی و خەباتگێڕانەی نێو بیروزەینی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە کە وەک سەرمەشقی خەبات و تێکۆشان و فیداکاری لە پێناوی ئازادی کوردوکوردستاندا، تەوافوقی میللی لەسەرە. ڕاگەیاندنی دەوڵەتی جمهوری کوردستان لەلایەن پێشەواوە، بە هەر پێوانەیەک هەڵیسەنگێنین، بە ڕاوەستانەوەی سیاسی و ڕاسانی کورد لە دژی ئەو وەزعە مەوجودە دادەنرێت، کە سەدان ساڵە کورد لە نێویدا بەسەردەبا.

ئەوەتا ئێستاش پێشەوا هێزێکی ئەخلاقی و سیاسی هێندە گەورە و ئینێرژییەکی موسبەتی هێندە زۆرمان پێدەبەخشێ کە چ وەک تاکی کورد و چ وەک نەتەوەی کورد بەرەو پێشەوەمان دەبات. پێشەوا دید واتە ئاسۆ یا بەواتایەکی دیکە ڤیزشۆنی دا بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد. واتە ئاسۆی ئەو بزووتنەوەی دەستنیشان کرد. بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ڕێگای خەباتی نەتەوەی کوردی دیاری کرد. ڤیزشون لەگەڵ هەڵسوکەوتی تاکتیکی فەرقی هەیە. ئێستا مەوقعیەتی جوولانەوەی کورد لە سیاسەتی ڕۆژانەدا هەرچیەک بێت، ڤیزشون، لەو سیاسەتە تاکتیکیانە بەرزترو بڵندترە. ڕێگای کەژرەوی و هەڵخلیسکان دەگرێ. ئەوەی پێشەوا کردی نابێت بە ئیدەئالیزم دابنرێت و بەو بیانووەوە بە کەم بگیردرێ. ئیدەئالیزم خۆی لەخۆیدا شتێکی خراپ نییە. بەستراوەتەوە بەوەیکە دەتەوێت کورد و کوردستان بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی بەری یا داوای مەدینەی فازیلە و کۆمەڵگای بی تەبەقەی تەوحیدی و دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا دەکەی.

کورد وەک نەتەوەیەک زەرفیەتی ئەوەی تێدایە و حەقی ئەوەشی هەیە بە ئازادی بگا و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێ و خۆی بگەیەنێتە ئاستی میللەتانی دیکەی دونیا؛ واتە مافی ئەوەی هەیە ڕێگای پەرەسەندنی خۆی دیاری بکات. ئەو خەباتەی کورد دەیباتە پێش بۆ گەیشتنە بە لوتکەی بەرزی پەرەسەندن و پێشکەوتن کە بریتییە لە ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و مافی چارەی خۆنوسین.

پێشەوا ڕۆڵەی زەمانی خۆی بوو. ئەو توانی لەو دەرفەت و ئیمکاناتانە کە ئەودەم بۆ کورد ڕەخسابوون بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرێ. ئەگەر قسەو هەڵوێستە سیاسییەکانی پێشەوا لێکدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هەم ڤیزشونار بووە و هەم پوردنارد بووە. واتە پێی سیاسەت و هەڵوێستەکانی لە سەر عەرزی واقع بووە و چاویشی لە ئاسۆ و ئاسمان و ئەستێرەکان بووە واتە واقعبین بووە بەڵام هەرگیز ئاسۆی خەباتی کوردی لەبەرچاو ون نەبووە. ئازادی کوردستان بۆ قازی مەسەلەی کلیدی بووە.

لەڕوانگەی ئەوەوە کورد مەسەلەی کورتخایەن و درێژخایەنی نییە. کورد مەسەلەی کورتخایەن و درێژخایەنی یەکە. ئازادی و ڕزگاری. مەسەلەی کورتخایەنی کورد درێژخایەنەکەیەتی و مەسەلەی درێژخایەنەکەشی مەسەلەی کورتخایەنیەتی.

سیاسەتگوزاری ڕۆژانەی پێشەوا، لە ڕوانگەی ستراتیژیکی پێشەوا جیا ناکرێتەوە. ئەوە فەلسەفەی کاری سیاسی پێشەوایە.

ئامانجی پێشەوا بە لەداردانی پێشەوا نەمرد و تەنانەت گەورەترو مەزنتریش بووە. پێشەوا بۆتە ئیلهامبەخشی نەسڵە یەک لە دوای یەکەکانی نەتەوەی کورد.

ئێمە وەزیفەی بردنەپێشی ئەو ئامانجەمان لەسەر شانە. با تێبکۆشین شایستەی ئەوەبین کە ڕێبواری ڕێگای پێشەوا و ئامانج و ڕێبازی پێشەوا بین. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ سیاسەتی خۆمان لە سۆزو عاتیفە و ئیدئۆلۆژی پاک کەینەوە. با تێبکۆشین لە هەموو زەرفیەتی ئەو میللەتە بۆ ڕزگاری کەڵک وەرگرین. دەبێ لە پشتی مەنشوری قازانج و بەرژەوەندییە میللییەکانی کورد، سیاسەتەکانی خۆمان بدەینە بەر دید. دەبێ شەهامەتی ئەوەمان هەبێت لە ئەشکەوتی کەهفی هەزارساڵەمان بێینەدەر.

دونیای تەنگی سیاسەتی خۆمان بەجێ بهێڵین و ڕاست لە قەلبی مەسەلەکە بدەین. مەسەلەی ئێمە زۆر جیددییە. مەسەلەی ژێردەستی میللەتێکە لە قەرنی ٢١دا، پێشەوا لە هەلومەرجێکدا ئاڵای ئەو خەباتەی هەڵگرت کە ئیمکاناتێکی زۆر کەمی بۆ کەڵکوەرگرتن لەبەر دەستدا بوو، ئێمە ئۆقیانوسێک لە دەرفەت و ئیمکاناتمان لەبەر دەستدایە. با تێبکۆشین لەو ئیمکاناتە، لەو ئینێرژییە زۆرەی کە بۆ خەبات لە نێو میللەتەکەماندا هەیە،بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرین.

# کۆبوونەوەی نەورۆز نیشانەی یەکگرتوویی و «نا»وتنێکی خەباتی مەدەنییە بە داگیرکەر



**ئەوە وانەکانی مەکتەبی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە کە کۆبوونەوەکان دەکاتە کۆبوونەوەیەک بۆ باس لە سەر داهاتوویەکی پڕ لە سەربەستی.**
**هەڵپەڕکێ دەبێتە کۆڕی ڕەشبەڵەکی کیژان و لاوانی نیشتمانپەروەر کە بە جلی خاکی و هەوری و گوڵوەنییەوە بە جێگای گۆرانییەکی ئاسایی و شاد،**
**سروودی شۆڕش بۆ ڕزگاری دەخوێنن.**
**جامانە سەمبۆلی شۆڕش و پێشمەرگە و**
**ڕەسەنایەتی و نەتوانینەوە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دەبێتە چقڵی چاوی داگیرکەری کوردستان**

**جاقل**

نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە یەکەم ڕۆژی هەوڵدانی ئاخوندەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێران و کوردستاندا دژایەتی ئەوانیان کردووە. شۆڕشی گەلانی ئێران کە بەرهەمی خەبات و خوێنی ڕۆڵە ئازا و بەجەرگ و شۆڕشگێڕەکانی ئێران و کوردستان بوو لەلایەن ئاخوندەکانەوە دزرا. بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی لەو کاتەدا هۆکارێکی گرینگ بوون هەتا وڵاتە زلهێزەکان چاویان لە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو ڕێژیمە لەو کات و لە داهاتووشدا بنوقێنن. دەتوانین بڵێین ململانێی هێزە جیهانییەکان لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا دەورێکی کاریگەری گێڕا. کوردی ڕۆژهەڵات بە لێکدانەوەی دروستی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو شانازییە گەورە و هەتاهەتاییە پێبەخشرا کە لە یەکەم ڕۆژەوە دژ بەم دەسەڵاتە پاوانخواز و دیکتاتۆرە توتالیتێرە بووەستێتەوە و «نا»ی پێبڵێ. لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵ دەسەڵاتداری ئەو ڕێژیمەدا خەباتی نەتەوەی کورد بەرانبەر بەم دەسەڵاتە داگیرکەر و ناڕەوا هەر درێژەی بووە و کورد لە ڕیزی یەکەمی دژبەرانی ڕێژیمی ئاخوندیدا وەستاوە.

خەباتی گەلی کورد، خەباتێکی بەرگریکارانەی ڕەوایە و لە هەر دوو دیوی نەرم و زبریدا بەدوور بووە لە پڕوپاگاندای بێبنەما یان کردەوەگەلی تیرۆریستی. مێژووی بەرگری چەکدارانەی حیزبی دێموکرات پڕن لە سەنەدی حاشاهەڵنەگر بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە.

چالاکی و خەباتی مەدەنی لە شارەکانی کوردستاندا هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بوونی هەبووە هەرچەند ناو و شێوەی سازماندانەکەی بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتەوە بڕێک لەگەڵ ئەم سەردەمەدا جیاوازی هەبووە.

چالاکی مەدەنی زۆرتر هەڵقوڵاوی بیری فەرهەنگییە بەڵام خەباتی مەدەنی لە چەمکی سیاسی نیزیکترە و لە هەندێ شوێن و کات و بۆنەدا بەرانبەر بە داگیرکەر دەوەستێتەوە و کەمتر دادەهێزرێ یان دەچێتە ئاو و بەردەوام پڕڕەنگتر دەردەکەوێ. چالاکی مەدەنی و خەباتی مەدەنی دوو واتای تەواوکەری یەکترین و هیچکات دژ بە یەک نین. ئەوان خاوەن سەمبول و واقعییەتە مەیدانی و خەیاڵییەکانی وەک یەکن و لە فۆڕمی بەرەنگاری نەرمدا دژ بە هێما و دەسەڵاتی ناڕەوای داگیرکەر دێنە مەیدانەوە. زۆرجار خودی ڕێژیم بەهۆی زەبروزەنگی لەڕادەبەدەر دەبێتە هۆکار هەتا چالاکێکی مەدەنی مەیدانی چالاکییەکانی بگۆڕێت بۆ خەباتێکی مەدەنی. ئەمەش لەو ڕووەوەیە کە ئەو چالاکڤانە پێی وایە ئەو مەیدانە بۆ تێکۆشان بەرتەسکە یان ڕێژیم لەهەوڵدایە دەسکەوتەکەی بدزێ و بە ناوی خۆیەوە تاپۆی بکات. هەندێ جار ڕێژیم لە بەرهەمی کار و تێکۆشانی چالاکڤانان تەفسیرێک دەکا کە بە تەواوی درۆیە و پڕە لە چەواشەکاری. ڕێژیم هەتا ئەو شوێنەی بۆی بکرێ دەیهەوێ بەرهەمی ڕەنجی چالاکانی مەدەنی بە قازانجی خۆی و دەسەڵاتەکەی بقۆزێتەوە و لە خۆشەویستی ئەوان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا کەڵکاوەژوو وەربگرێ هەتا کۆمەڵانی خەڵک بەلاڕێدا ببات.

بۆ نمونە؛ گرتنی بۆنەی نەورۆز لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە هێڵی سوورە! بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەم بۆنانە لە تەواوی جوغرافیای کوردستاندا بەڕێوە دەچێ ڕێژیم ناتوانێ بە تەواوی پێشی پێبگرێ. ئەو ڕێژیمە بەپێچەوانەی خواستە سەرەکییەکەی کە پێشگرتنە بە بۆنەی نەورۆز، لە میدیاکانی خۆیدا نەورۆزێکی ساکار و بەدوور لە هێما و سەمبولە نەتەوەییەکان پیشان دەدات. ئەو ڕێژیمە هیچکات شوێنێک بۆ ئەو مەراسمە دابین ناکات. تەنانەت بە هێزی سەرکوتکەر پێشگیری لە چونی خەڵک بۆ یەک شوێنی دیاریکراو دەکات.

گرتنی بۆنەی نەورۆز لەم چەند ساڵەی خەباتی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا لە چەمکی مێژوویی و چالاکی مەدەنییەوە، بووەتە خەباتێکی مەدەنی. دژایەتی داگیرکەر لەگەڵ هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی ئاساییش گوزارشت لە ترس و داڕمانی دەروونی ئەو ڕێژیمە دەکات لە بەرانبەر بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. لەبەرانبەر پێشگیرییە ئاشکراکانی ڕێژیم لە بەڕێوەچونی نەورۆز، خەڵکی ئاشتیخوازی کوردستان و چالاکان و خەباتکارانی مەدەنی چالاکانەتر هەوڵ دەدەن ئەو بۆنە بەڕێوە ببەن. ڕێژیم لەڕووی ناچارییەوە لە هەندێ شوێن خۆی لە کۆبوونەوە و هەڵپەڕکێ و گۆرانی و جلی کوردی کەڕ و کوێر دەکات و لانیکەم لە بەرانبەر ئەم نەوعە لە نەورۆزگرتن بڕێک بێدەنگ خۆی پیشان دەدات.

ئەوە وانەکانی مەکتەبی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە کە کۆبوونەوەکان دەکاتە کۆبوونەوەیەک بۆ باس لە سەر داهاتوویەکی پڕ لە سەربەستی. هەڵپەڕکێ دەبێتە کۆڕی ڕەشبەڵەکی کیژان و لاوانی نیشتمانپەروەر کە بە جلی خاکی و هەوری و گوڵوەنییەوە بە جێگای گۆرانییەکی ئاسایی و شاد، سروودی شۆڕش بۆ ڕزگاری دەخوێنن. جامانە سەمبۆلی شۆڕش و پێشمەرگە و ڕەسەنایەتی و نەتواننەوە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دەبێتە چقڵی چاوی داگیرکەری کوردستان. ڕێژیم ئەم ڕێژە لە ئاوێتەبوونی هزری شاخ و شاری پێ تەحەممول ناکرێ. هەربۆیە وەک دێوەزمەی هار پێچ لە خۆی دەدا و ڕێگاوبانەکان دەگرێ بەڵام لە بەرانبەر ئیرادەی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستاندا هیچی پێناکرێ. شوێنی کۆبوونەکان، شاخەکان و شوێنی حەماسەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. هەندێ جار دێهاتێک یان شوێنێکی بەرفراوان دیاری دەکرێ. لەمساڵدا و لە ئاکامی دژایەتی توندتری ڕێژیم بەرانبەر بە گرتنی بۆنەی نەورۆز ئەم بۆنانە زیاتر هاتنە ناو پانتایی شارەکانەوە و هێما نەتەوەییەکان بەپێی ئوسولێکی مەدەنی و خەباتکارانە زیاتر و پڕڕەنگتر خۆیان نواند. ئاڵای پیرۆزی کوردستان و یوبیلی ئەڵماسی حیزب و لۆگۆی هێزی پێشمەرگە و وێنەی شەهیدانی ڕێبەر زیاتر لە هەمیشە دەبینران. هێزی مەدەنی و جەماوەری شار بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیاتر پاشەکشێ بە ڕێژیم دەکات. ئەوە کەتوارێکی بێ ئەملاو و ئەولایە کە ئاوێتەبوون و تێگەیشتنی ئەو دوو هێزە لە یەکتری ڕێژیمی تۆقاندووە و ئەو تێکەڵبوونە بە «نا»وتنێکی چەندبارە بە خۆی تەفسیر دەکات کە لە یەکەم ڕۆژی داگیرکارییەکەیەوە هەتا ئەمڕۆ لە لایەن نەتەوەی کوردەوە دەستی پێکردووە و هەر درێژەشی هەیە.

## وێستگە

### ژنانی کورد قوتابخانەی باوەڕن



**نووسین: هێمۆ**

وڵاتی ئێمە لە درێژایی مێژوودا هەمیشە کەوتووەتە بەر پەلاماری داگیرکەران و بە بەردەوامی وەکوو وڵاتێکی کۆلۆنیکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە، هەر بۆیە پرسی نەتەوەیی لای ئێمەی کورد هەمیشە گرینگییەکی تایبەتی هەبووە.

ئەم گرینگییە تا ڕادەیەک بووە کە زۆر کەس دەڵێن پرسگەلی دیکە بوونەتە قوربانی ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەرایی و هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێمەی کورد لەو چوارچێوە و ڕێبازەدا بەرەوپێش چووە کە لە ئاکامدا ببنە هەوێنێک بۆ چارەسەرکردنی پرسی گرینگی نەتەوایەتی.

لەڕاستیدا لەم پێناوەدا، ژنان وەک بەشێکی بەرچاو و کاریگەری کۆمەڵگای کوردستان بە بەردەوامی لەهەولدا بوون کە لە دوو ڕەهەندی خەباتی ڕەگەزی و خەباتی نەتەوایەتیشدا ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاو بگێڕن، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەیکە زۆر کەس قوربانی بوونی ڕەوتی فێمێنیزم لە بەرانبەر ڕەوتی ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا بێننە ئاراوە، بەڵام ئەوەیکە لەم ڕاستایەدا بەرچاوە و لە درێژایی مێژووشدا هەبووە، ئەم بیرە بووە کە لە ئەگەری سەرکەوتنی بیری ناسیۆنالیستیدا، ئەوە زۆربەی هەرەزۆری کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان چارەسەر دەبن و پاشان دەرفەت بۆ جێگیرکردنی بیر و ئەندێشەکانی دیکە دێتە ئاراوە.

کەوابوو ئەوەیکە لە مێژووی کوردستاندا دیارە، ئەو ڕاستییەیە کە هەمیشە پرسی نەتەوایەتی لای گەلی کورد، لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا گرینگییەکی زۆر تایبەتیتری پێ دراوە و هەموو هەوڵ و تواناکانی تاکەکانی کۆمەڵگا لەو پێناوەدا خراوەتە گەڕ تاکوو بە چارەسەرکردنی هاوکێشە سەرەکییەکە، دەرفەت بۆ چارەسەرکردن و بنبڕکردنی هاوکێشە بچووکەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگا بخولقێت.

چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر مێژووی کوردستاندا ئەوە دەردەخات کە لە پێناو چارەسەرکردنی پرسی نەتەوایەتیدا پرسەکانی دیکە پەراوێز نەخراون و هاوکات لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگا، جومگە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە دابەشکردنی ئەرکەکان بەتایبەت لە کاتی ئێستادا لەڕێگەی ڕێکخراو و NGOی تایبەتەوە هەوڵیان داوە تاکوو لانیکەم پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی هاوتەریب بکەن.

لەم نێوانەدا ئەوەی کە دەبێ بە گرینگییەوە چاوی لێ بکرێت، ڕۆڵ و دەوری ژنانە لە پەرەسەندنی بزووتنەوەکان و هەروەها بەشداری کردنیان لە بەرەوپێشبردنی پرسە جیاوازەکاندا. هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، لە کۆمەڵگای کوردستاندا هیچکات پرسی ژنان پەراوێز نەخراوە و لە هەموو بڕگە مێژووییەکاندا دەبیندرێت کە ژنان توانیویانە ڕۆڵ و دەوری تایبەتیی خۆیان بگێڕن، لە سەرۆکی عەشیرەبوونەوە هەتا نووسینەوەی مێژوو و دواتریش وەئەستۆگرتنی ئەرکی جیاواز لە کۆمەڵگادا کە هەموویان پیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە هیچکات کۆمەڵگای کوردستان هەوڵی نەداوە کە ژنان لە خواست و ویستەکانیان دامالێت و بە بەردەوامی پرسی ژنان هاوتەریب لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی _ئەگەرچی زۆر کاڵ و کەمیش بوویێت_ بەڵام هەر بەرەوپێش چووە. ئەمە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، گۆڕانێکی یەکجار گەورەی بەسەردا هات، ژنان لە سووچی ماڵەکانەوە هاتنە نێو گۆڕەپانی کۆمەڵگا و بازاڕی کارەوە، ڕێژەی کچان و ژنانی خوێندەوار و چوونە زانکۆی ئەم توێژە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، ژنان هاتنە نێو گۆڕەپانی نارەزایەتییەکانەوە و ئەوانیش هاوشان لەگەڵ پیاوان داوای ماف و ئازادییان کرد، هەموو ئەمانە نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ژنان توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆر لە چوارچێوەی پێناسەی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵاتی داگیرکەر و کلێشە باوەکانی کۆمەڵگادا بێنە دەر و وەک مرۆڤ لە کۆمەڵگادا ڕۆڵ بگێڕن.

ئەوەیکە لە هەمووی گرینگترە ئەو باوەڕبەخۆبوونەیە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە نێوان ژناندا پەرەی سەندووە، ژنان بە باوەڕبەخۆبوونی تەواوەوە دێنە گۆڕەپانی سیاسەتەوە، داوای مافی ڕەگەزی و نەتەوەیی خۆیان دەکەن و هاوتەریب لەگەڵ بەدواداچوونی پرسی نەتەوایەتی، پێناسەیەکی نوێ بۆ ژنبوونی خۆیان دەکەنەوە و زۆرجاریش گیانیان دەبەخشن، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە لانیکەم لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا و هەروەها لە ڕەوتی نارەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان و لە کاتی کەندوکۆسپەکانیشدا بە باشی بینیومانە.

ژنان لە کوردستان و بەتایبەتیش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، چیدیکە لە زیندان و گرتن ناترسێن و بوونەتە گرینگترین فاکتەری درێژەدان بە خەباتێکی پیرۆز.

هەموو ساڵێک لە بۆنە نەتەوەییەکاندا ئەوە ژنانن کە ئازادانە و بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی و بەرزکردنەوەی هێما نەتەوەییەکان ئەم جێژنە نەتەوەییە بەرز ڕادەگرن، ژنانن کە لە ڕیزی یەکەمی ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکاندا بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان هەوڵ دەدەن، ژنانن کە بە وتنەوەی وانەی کوردی دەرسی خۆڕاگری بە نەوەکانی داهاتوو دەدەن، ژنانن کە لە ١٠ی خاکەلێوەدا، پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدانی کوردستان نوێ دەکەنەوە و شێلگیرانە لە سەر باوەڕ و ئامانجەکانی نەتەوەکەیان دەوەستن، بەدڵنیاییەوە تاکوو ژنانی بوێر و ئازای کوردستان هەبن، خەونەکانی داگیرکەران بەدی نایەن چونکە هەر ژنێکی کورد قوتابخانەیەک لە باوەڕە کە لە سەنگەری بەرخوداندا، پارێزگاری لە نیشتمانەکەمان، کوردستان دەکات.

# خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» بەپێی نەریتی ساڵانە، «کوردستان» لە دواژمارەی خۆی بۆ ساڵ و وەک پێشوازی لە ساڵی نوێ، پانۆڕامای گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی پێشوو لە ڕاپۆرتەهەواڵێکی تایبەتدا دەخاتە بەر دیدی ئۆگرانی «کوردستان»

## ئەوەی بەردەمتان پانۆڕامای ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوییە

### بەشی دووهەم (شەش مانگی دووهەم)

٦ی ڕەزبەر: «عەلی سیستانی» مەرجەعی شیعەکانی عێراق داوای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە چاودێری بە سەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکات؛ بەڵام «حوسێن شەریعەتمەداری» نوێنەری خامنەیی لە ڕۆژنامەی «کەیهان» وتوویەتی داواکاریی سیستانی « ڕەزیلانە و مایەی سووکبوونی» ناوبراوە.

ـ لە شەڕ و تێکهەڵچوونێکی قورس لە نێوان هێزەکانی ئازەربایجان و هێزە جیاییخوازەکان ناوچەی قەرەباغ کە ئەرمەنستان پشتیوانییان لێ دەکات هاتە ئاراوە و دوو هێلیکۆپتێری ئازەربایجانیان لە ناوچەی ‹‹ناگۆرنۆ››ی قەرباغ لەلایەن هێزە جیاییخوازەکان خستراوەتە خوار. هەوەرها ئەرمەنستان باس لەوە دەکات کە سێ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و ٣ تانکی ئازەربایجانی کردووەتە ئامانج. هەر دوو وڵات باس لەوە دەکەن کەسانی مەدەنی لە شەڕ و تێکهەڵچوونەدا کوژراون.

٨ی ڕەزبەر: کۆنفرانسەکانی کۆمیتەکانی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکرات بە دروشمی «بە خۆڕێکخستنەوەمان ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین» بە ئامادەبوونی «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن و هەروەها ئەندامانی ئەو کۆمیتە جیاوازەکان بەڕێوە چوو. کومیتەکان بریتی بوون لە کومیتەی زاگرۆس لە کۆیە، کومیتەی کۆیە، سلێمانی، سۆران، رانیە، قەڵادزێ، هەولێر، کومیتەی کاوە لە قوشتەپە، کومیتەی کەلار، باریکە، چۆمان، کومیتەی بێستوون لە دێگەڵە، کومیتەی جێژنیکان، کومیتەی زەڕایەن بەڕێوەچوو و هەتا ڕێکەوتی ٢٧ی بەفرانبار درێژەیان کێشا.

٩ی ڕەزبەر: کاتژمێر ٨ و ٣٠ خولەکی شەو، میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران بە ٦ مووشەکی کاتیۆشا نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سەربازگەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییان کردە ئامانج. دووو لەو مووشەکانەش نەتەقیونەتەوە و خۆشبەختانە هیچ زیانێکی لێ نەکەوتەوە». لەو پێوەندییەدا سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەتوندی ئیدانەی ئەو هێرشەی کردووە و وتوویەتی: «حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ جۆرە هەوڵێک بۆ تێکدانی سەقامگیریی کوردستان قبووڵ ناکات و وەڵامیشمان بۆی زۆر توند دەبێت».

١٦ی ڕەزبەر: ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ «پەیمانی نوین»ـی «ڕەزا پەهلەوی» بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە.

١٧ی ڕەزبەر: دوو ژن لە ئامریکا و فەرانسە وەک براوەی خەڵاتی نۆبێل لە بەشی «شیمی» دیاری کران و خەڵاتەکەیان پێدرا. خەڵاتی نۆبێل بە شێوەی هاوبەش بە «جێنیفێر دوودنا» بیرمەندی ٥٦ ساڵەی ئامریکا و «ئیمنۆئێل شارپانتیە» بیرمەندی ٥١ ساڵەی فەرانسوی درا. ئەو خەڵاتە بەهۆی دۆزینەوەی ڕێگای ناسراو بە «مقەستی مۆلۆکوولی» (قیچی مولکولی) کە بۆ «ئیسلاحی ژێن» ناسراو بە (CRISPR-cas٩) بەکار دێت؛ بەو دوو ژنە دراوە. لە ماوەی ١١٩ ساڵی ڕابردوودا ئەوە چوارەمین جارە کە خەڵاتی نۆبێل بە ژنان دەبەخشرێت.

٢٥ی ڕەزبەر: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە درێژەی هەوڵەکانی خۆی بۆ پێشگرتن لە گرووپە تێرۆریستییەکانی ئێران و هەڕەشەکانیان ماڵپەڕی گرووپی تێرۆریستیی «کەتائیبی حیزبوڵڵا»ی عێراقی داخست.

٢٧ی ڕەزبەر: نووسینگەی حقووقی «هریسچی» لە واشنتۆن ڕایگەیاندووە کە بەشێک لە بنەماڵەی کوژراوانی فڕۆکەی ئۆکراینی کە دانیشتووی ئامریکان لە دادگای فێدراڵی ئەو وڵاتەدا سکاڵایان بەرانبەر بە ڕێژیمی ئێران و سپای پاسداران تۆمار کردووە.

١ی خەزەڵوەر، پارێزگاری ڕێژیم لە سنە کتێبخانەی گشتیی تەنگیسەری کردەوە و ڕێژیم لە هەواڵەکانی خۆیاندا ڕایانگەیاندووە کە ئەو کتێبخانەیە بە بڕی ٣٣٠ ملیۆن تمەن و لەلایەن دەوڵەتەوە کراوەتەوە. ئەو کتێبخانەیە زیاتر لە ١٠ ساڵە و بە کۆکردنەوەی یارمەتیی خەڵک و بەتایبەت منداڵ و قەنادەکانی تەنگیسەر کراوەتەوە و زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکانی لەلایەن خەڵکەوە دابین کراوە. ئەو کتێبخانەیە لەلایەن خەڵکەوە بە کتێبخانەی دوکتور قاسملوو ناودێر کراوە. دانیشتووانی گوندی تەنگیسەر باس لەوە دەکەن، ڕێژیم هەر کتێبێک کە باس لە ڕۆشنگەری و سیاسەت بکات کۆیان دەکاتەوە. پارێزگاری ڕێژیم لەگەڵ هاوکارەکانی چەندین کتێبی جۆراجۆری وەک «ئاشپەزی»یان بۆ ئەو کتێبخانەیە ناردووە. لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوییەوە تەنگیسەر خاوەنی کتێبخانەی خۆی بووە.

٥ی خەزەڵوەر: موحەممەد ڕەزا باهونەر» جێگری سەرۆکی پێشووی مەجلیس وتوویەتی، ئەگەر خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ی هەتاویمان سەرکوت نەکردبایە ئینقلاب ڕووی دەدا.

٨ی خەزەڵوەر: بۆ جارێکی دیکە بنکە و پایەگا نیزامییەکانی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران، ناوچە شاخاوییەکانی لە هەرێمی کوردستان تۆپباران کرد.

١٠ی خەزەڵوەر: دوکتور «نەجمەدین کەریم» پارێزگاری پێشووی کەرکووک کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی دوای ئازادکردنی کەرکووک لەوێ دەنێژرێت. نووسینگەی دوکتور نەجمەدین کەریم، پارێزگاری پێشووی کەرکوک و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی ڕایگەیاند، ناوبراو بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە گیانی لەدەست داوە.

١٠ی خەزەڵوەر: مامۆستا «جەلال مەلەکشا» شاعیر، نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا و قەڵەم ڕەنگینی کورد لەدوای ژیانێکی هەژارانە و سەربەرزانە، بەرووسوورییەوە لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا ماڵاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد. هەرچەند لەلایەن ئەدیبانی شاری «سنە» زۆر هەوڵ دراوە تاکوو مامۆستا «جەلال» لە ژیاندایە کۆی بەرهەمەکانی چاپ بکرێت، بەڵام زۆربەی بەرهەمی مامۆستا «جەلال» بەرخۆان و لێوانلێوی ئاڵا و شینی شەهیدانە، بۆیە سانسۆر و پێوانەی زۆری لەسەرە و هەوڵەکان بێئاکام مانەوە.

١٧ی خەزەڵوەر: کۆمپانیای فەیسبووک چەندین ئاکاونتی ساختەی بەرنامە بۆ داڕێژراوی ڕێژیمی ئێرانی کە بۆ پشتیوانی و هاندانی خۆپیشاندانی خەڵک دژ بە «بێنیامین نێتانیاهوو» سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل و هەروەها عێراق دانرابوو، داخست.

١٨ی خەزەڵوەر: ‹‹جۆ بایدن›› بەربژێری دێموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئامریکا بە بەدەستهێنانی ٢٨٤ دەنگی ئێلێکتۆراڵ و زیاتر لە ٧٣ میلیۆن دەنگی شارۆمەندانی ئامریکا بەسەر ڕکابەرەکەی خۆی ‹‹دانڵد ترامپ›› سەرکەوت.دوای چوار ڕۆژ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە ئامریکا ڕاگەیەندرا و ‹‹جۆ بایدن›› ویلایەتی «پێنسلڤانیا»ی بردەوە و بەمەش بوو بە ٤٦ـەمین سەرۆکۆماری داهاتووی ئامریکا و ٢٨٤ دەنگی نوێنەرانی بەدەست هێنا.››بایدن›› دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا وتی: ‹‹دەبمە سەرۆکی هەمووو ئامریکاییەک››.

لە ساڵوەگەڕی خۆپیشاندانەکانی ٩٨، لە ئەهواز دژی ڕێژیمی ئێران خۆپیشاندان بەڕێوە چوو، ٢٠ی خەزەڵوەر، لە شاری ئەهواز لە دوو شوێنی ئەو شارە بە ناوەکانی ‹‹ئەلزەهیریە و مەلاشیە›› خەڵکی ناڕازی بە ئاگر تێبەردانی لاستیک و دانی دروشم دژی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد.

٢٠ی خەزەڵوەر: «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە «جۆ بایدن» بەبۆنەی هەڵبژاردنی ناوبراو وەک سەرکۆماری ئامریکا کرد و ڕایگەیاند: هیواداریـن وەک زۆرجار پێداگریتان کردووە، لە ماوەی سەرۆکایەتیتاندا یارمەتیدەر بن بۆ بونیادنانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ و دادپەروەری و هەروەها بنبڕکردنی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و تێرۆریزم لە باقی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا.

٢٤ی خەزەڵوەر: سپای تێرۆریستی پاسداران لە سێڕێیانی بەناو «چواردە شەهید»ـی تەرگەوەڕەوە، شاخەکانی ئەو دەڤەرە و گەلی بەردەڕەشیان تۆپباران کرد. بەپێی زانیارییەکان هێزێکی زۆری ڕێژیم بۆ ئەو ناوچەیە جووڵەیان پێ کراوە و ناوچەکەیان بەتەواوی میلیتاریزە کردووە و لە هەمان کاتدا بە شێوەی چڕوپڕ شاخەکانی ئەو ناوچەیەیان تۆپباران کردووە.

٢٨ی خەزەڵوەر: دوکتور «فرسەت سۆفی» ٤١ـەمین پارێزگاری هەولێر دوای ئەوەیکە تووشی کۆرۆنا بوو، دوای ٣٠ ڕۆژ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تورکیە گیانی لەدەست دا. «فرسەت سۆفی» ساڵی ١٩٧٨ی زایینی لە «چۆمان» لەدایک بووە. پلەی دوکتورای لە یاسای نێودەوڵەتی هەبووە. ناوبراو وەک مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتکنیکی هەولێر وانەی وتووەتەوە.

هەروەها لە ماوەی تەمەنیدا چەندین پۆستی دیکەی هەبووە کە لەم ڕێگایەوە خزمەتی بە نەتەوەکەی کردووە. «فرسەت سۆفی» کاندیدی پارتی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩وە بە دەنگی ٢٧ ئەندام لە کۆی ٢٨ ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، وەک پارێزگار هەڵبژێردرا.

٢ی سەرماوەز: بۆ یەکەمجار وەکوو نوسەرێکی کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە وڵاتی دانمارک خەڵاتی «لۆریاڵ»ـی زێرین بە «سارا عومەر» ڕۆماننوسی کورد بەخشرا.

٦ی سەرماوەز: فیلمی «نانی پیرۆز» کە دوایین بەرهەمی «ڕەحیم زەبیحی» سینەماکاری کۆچکردووی کوردە، لە فیستیڤاڵی فیلمی «ئەمێستردام» نمایش کرا. ئەو فیلمە باس لە ژیانی کۆڵبەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات و «تووەرج ئەسلانی› دەرهێنەر و بەڕێوەبەری وێنەگرتنیەتی و، لەلایەن کۆمپانیای «ماد موڤی»ـیەوە بەرهەم هێنراوە.

٧ی سەرماوەز: ‹‹موحسێن فەخریزادە›› بەرپرسی ڕێکخراوی توێژینەوە و داهێنەری وەزارەتی بەرگریی ڕێژیمی ئێران و یەکێک لە کەسانی پلەبەرزی بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم کە ڕۆژی هەینی ٧ی سەرماوەز لە ‹‹ئابسەرد››ی دەماوەند لە نزیک تاران کوژرا.

١٢ی سەرماوەز: مامۆستا «بەهائەدین نووری» سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی عێراق لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا بەهۆی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

هەڵمەتی زاگرۆسانە کە ماوەی ٣ ساڵە لەلایەن ڕێکخراوە ژینگەیی و شاخەوانی و مەدەنییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بە دەستپێشخەریی ئەنجومەنی سەوزی چیا پاش شەهیدکرانی شەهیدان «شەریف باجوەر» و «ئومید کۆنەپۆشی» بەڕێوە دەچێت، ئەمساڵ لە ١٢ی سەرماوەزدا، لە مەتەریزی پێشمەرگە بەڕێوە چوو.

١٧ی سەرماوەز: بەپێی لیستەیەک کە زانکۆی «ستنۆرد» بڵاوی کردووەتەوە، ٧ مامۆستای زانکۆی کوردستان لە سنە ناویان لە لیستەی زانایانی جیهاندا تۆمار کراوە. ئەو هەواڵە لەلایەن ماڵپەڕی «سکۆپووس» بڵاو کراوەتەوە «محەممەدڕەزا ستارە، حەسەن بێواران، ڕەحمەت سادقی، عەبدوڵڵا سەلیمی، هێمن شەهابی، پەرهام مورادی و قوباد شەفیعی» ئەو ٧ مامۆستایەی زانکۆی کوردستانن.

٢٦ی سەرماوەز: لە ڕێوڕەسمێکدا بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان پێشانگا و گەلەرییەکی تایبەت بە وێنە و بەڵگەکانی تایبەت بە شەهیدانی کوردستان لەلایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بەشی شەهیدان کرایەوە. پێشانگاکە لەلایەن «محەممەدنەزیف قادری»، «سەیفوڵڵا خەیری» برای دوو شەهیدی کوردستان و هەروەها خاتوو «هیوا ئەحمەدی پوور» کچی شەهیدێکی کوردستان کرایەوە.

لە هێزەکانی، ١١٥ ، ١٢٢ و ١٣٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەوی یەڵدا و لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی بەرز ڕاگیرا.

٢٦ی سەرماوەز: لە زانکۆی سۆران سەنتەری هەورامانناسی کرایەوە، ئەم ناوەندە ئەکادیمییە بەمەبەستی خزمەتکردن بە زمان و کولتوور و فەرهەنگی دەڤەری هەورامانە و ئەمە یەکەمین دەسکەوتی کولتووری و ئەکادیمیی دەسەڵاتی کوردستانی باشوورە. سەرۆکی زانکۆی سۆران لەمبارەوە ڕایگەیاندووە بونیادی هزریی ئێمە لە بیاڤی کاری ئەکادیمیدا، لەسەر بنەمای ئایدیا و پسپۆڕیی و پێویستیی داڕێژراوە.

دەستەی دامەزرێنەران بریتین لە: «دوکتور هەژار ڕەحیمی، دوکتور فازڵ حمە سعید ، مامۆستا هۆشەنگ دارا و ئیمان عەبدوڵڵا عومەر».

٣ی بەفرانبار: پرۆفیسۆر «ئیبراهیم کەریمی» فیزیکدانی ناودار و ناسراوی بەشی فیزیک توانی میداڵی «هێرتزبێرگ» بەدەست بێنێت. پرۆفیسۆر «کەریمی» خەڵکی شاری سەقز سەر بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. ناوبراو پێشتر توانیبووی دوو خەڵاتی «بونیادی داهێنانی کانادا و جان ئیوانز» بەدەست بێنێت. ناوبراو هەروەها خوێندکاری سەرکەوتووی زانکۆی «ناپۆل»ـە و لە بواری «ئۆپتیکی کۆوانتۆمی» دەرسی خوێندووە. بیاڤی کاری پرۆفیسۆر «کەریمی» کوانتۆم ئۆپتیک و کۆنتوام ئینفۆرمەیشن»ـە.

١٠ی بەفرانبار: ڕێکخراوی «هەواڵنێرانی بێسنوور» لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە کە ئێران گەورەترین بکوژی ڕۆژنامەنووسان لە نیوسەدەی ڕابردوودایە. ئەو ڕێکخراوە ئاماژەی بەوە کردووە، لە ساڵی ٢٠٢٠دا ٥٠ ڕۆژنامەنووس و میدیاکار کوژراون. زۆربەی قوربانییان ئەوانە بوونە کە بەهۆی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان بۆ دۆسیەکانی گەندەڵیی سیاسی، ئیداری و دارایی و هەندێک پرسی تایبەت بە ژینگە کوژراون.

١١ی بەفرانبار: لە ڕەدەبەندییەکدا کە ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاوی کردووەتەوە؛ هاتووە کە «ڕەجەب تەیب ئەردووغان، کیم جۆنگ ئوون و ڤلادیمر پووتین» بە ڕیز لە ڕەدەی هەشتەم، نۆهەم و دەیەمی پێشێلکارانی مافی مرۆڤی ساڵی ٢٠٢٠دا ناویان هاتووە. ئەو ڕێکخڕاوەی مافی مروف وێنەی «خامنەیی « لە تەنیشت ٩ ڕێبەری دیکتاتۆر و نادێموکراتیک داناوە و ئاماژەی بە بەشێک لەو جینایەتانە کردووە کە بە فەرمانی «خامنەیی» ئەنجامدراون.

ڕێکخراوەی چاوەدێری مافی مروف لە سەرەتای ساڵی نۆیی زایینیی ٢٠٢١دا، لیستەی ١٠ وڵاتی پێشێلکاری مافی مرۆڤی لە ساڵی ٢٠٢٠دا بڵاو کردووەتەوە کە «ئێران» دوای «جمهوری خەلقی چین» لە پلەی دووهەمی ئەو لیستەیەدا ناوی هاتووە. بەشێک لەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤی ڕێژیمی ئێران ئێعدام، سەرکوت، سزای زیندانیی قورس و بێسەروشۆنکردنی هاووڵاتیان لەخۆوە دەگرێت.

١٥ بەفرانبار: ‹‹شنیان مورادیان›› کچە کوردێکی خەڵکی دیواندەرە لە کێبڕکێیەکانی تێکواندۆی «هانمادانگ»ی ئورووپا بە وەدەستهێنانی ٢ میداڵی زێڕ، سەرکەوتنی بەدەست هێنا. شنیان مورادیان›› لە کێبڕکێیەکانی هانمادانگی ئورووپا کە بە بەشداریی ٣٣ وڵات لە وڵاتی بلژیک بە شێوەی ئانلاین بەڕێوە چوو، بە بەدەستهێنانی ٢ میداڵی زێڕ پلەی قارەمانیی لە ڕیزی تەمەنی ژێر ١٤ ساڵان تۆمار کرد.

ـ کاتژمێر ١١ی شەو، دوای ئەوەی کە لاوێکی عەرب لە ئەهواز لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران تەقەی لێکرا و بەتوندی بریندار بوو، لە بەرامبەردا خەڵکێکی زۆر لە خووزستان بەنیسبەت ئەو کردەوەیە هێرشیان کردە سەر یەکێک لە بنکەکانی سپای پاسداران.بەپێی گەرتە ڤیدیۆیەک کە لە شەڕ و تێکهەڵچوونی خەڵک لەگەڵ سپای پاسداران بڵاو بووەتەوە، خەڵکێکی زۆر لە دەوری پایگای سپای پاسداران کۆبوونەتەوە و لە بەرامبەردا هێزەکانی سپا بەتوندی هێرش دەکەنە سەر خەڵکی ناڕازی و تەقەیان لێ دەکەن.

ـ ناوەندە ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتی «ئیمارات» ڕایانگەیاندووە، ژمارەیەک هاووڵاتیی ئێرانییان بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ڕێژیمی ئێران دەسبەسەر کردووە کە بەوە تۆمەتبار کراون ویستوویانە لە ساڵمەرگی «قاسم سلێمانی»ـدا لەو وڵاتە کاری تێرۆریستی بکەن. جیا لە «ئیمارات» دەوڵەتی «بەحرەین» کە بنکەی فەرماندەیی پێنجەمین ناوگانی هێزی دەریایی ئامریکایە هەتا ئێستا چەندین جار ڕێژیمی ئێرانی بە دەستێوەردان لە وڵاتانی عەرەبی و نانەوەی ئاژاوە تاوانبار کرد.

١٧ی بەفرانبار: وەزارەتی دادگوستەریی ئامریکا لە بڕیارێکدا بڕی ٧ ملیۆن دۆلار پارەی لە شوێنی ڕاگیرانی پارەکانی ئێران کە بەهۆی پێشێلکردنی گەمارۆکان و حەواڵەی کڵاوبەرداری دەستی بەسەردا گیرابوو، بە قوربانییانی تێرۆریزمی دەدات.

١٩ی بەفرانبار: گڵکۆی هونەرمەند «محەممەد ماملێ» لە گردی شاعیران و هونەرمەندانی مەهاباد شێوێندراوە. ئەو دیاردە دزێو و ناشیرینە دەمێکە لە وڵاتی ئێران بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بووەتە باو. کەسانێکی نەفس نزم و بەتاڵ لە بەها مرۆڤایەتییەکان، بێڕێزییان بە گڵکۆی «محەممەد مامڵێ» کردووە. پێشتریش چەندین جار گڵکۆی نەمران، شەهید «سلێمان موعینی»، مامۆستا «هێمن» و مامۆستا «هەژار» بە گوللە شکێندران یان بە ڕەنگ شێوێندرا.

٢٠ی بەفرانبار: دوای ئەوەیکە بەرپرسانی ئامریکا بڕیاریان دا کە ناوگانی «و ئێس ئێس نیمیتز» لە کەنداو بمێنێتەوە، هێزی دەریایی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران

پەردەی لەسەر بنکەیەکی مووشکیی خۆی لادا.

ــ ١٠ـەیەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کارەکانی خۆی دەستپێکرد و پاش ٣ ڕۆژ کاری بەردەوام، لە ٢٢ی بەفرانباردا، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و دەستەی بەڕێوەبەریی نوێی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردران.

**٢١ی خاکەلێوە:** ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، فەرمانی ‹‹عەلی خامنەیی›› ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بەنیسبەت قەدەغەکردنی کرینی واکسەنی کۆرۆنا لە بریتانیا و ئامریکا و بێبەشکردنی خەڵکی ئێرانی لەو واکسەنە مەحکووم کرد.

**٢٢ی بەفرانبار:** کەسانی نەناسراو کە هەموو نیشانەکان ئاماژەی ئەوە دەدەن سەر بە سپای پاسدارانن لە شاری سەقز تابلۆی وێنەی شاعیری نەتەوەیی کوردستان «مەولەویی کورد»یان شکاندووە. تابلۆ وێنەی مامۆستا «مەولەویی کورد» کە لە دەرکی پارکی شاری سەقز هەڵواسراوە و بە بەرد شکێندراوە. دوای ئەوەیکە ئەو بێڕێزییە بە تابلۆ وێنەی «مەولەویی کورد» کراوە ئەو تابلۆیە لەلایەن چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگیی گرووپی «پۆرسمان» لە سەقز سەرنیا کراوەتەوە.

**٢٥ی بەفرانبار:** وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا لە درێژەی گەمارۆکانی خۆی بۆ سەر ڕێژیمی تاران سێ کەس و ١٦ بنکە و شیرکەتی سەر بە ڕێژیمی ئێران تەحریم کرد. ئەو کەس و شیرکەتانە هەموویان لە ژێر کۆنترۆڵی خامنەیی دان.

ــ ئاژانسی نیودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی ٢٤ی بەفرانبار پشتراستی کردووەتەوە کە ئێران «ئۆرانیۆمی فلێزی» دروست دەکات. ڕافائێل گرۆسی» بەڕێوەبەری ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ڕایگەیاندووە: «ئێران بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامە ئەتۆمییەکانی خۆی و دابینکردنی سووتەمەنی ڕیاکتۆرەکانی لێکۆڵینەوە دەستی بە دروستکردنی «ئۆرانیۆمی فلێزی» کردووە.

ــ وەزارەتی نێوخۆی عەرەبستان سەردانی هاووڵاتییانی بۆ ئێران قەدەغە کرد وەزارەتی نێوخۆی عەرەبستان لە بەیانییەیەکدا داوای لە خەڵکی وڵاتەکەی کردووە لە سەفەرکردنیان بۆ خۆ ببوێرن. بەپێی ئەو بڕیارەی عەرەبستان سەفەری خەڵکی ئەو وڵاتەکەی بۆ ١٢ وڵاتی دنیا قەدەغە ڕاگەیاندووە، کە لەنێو ئەو وڵاتانەدا سەفەر بۆ وڵاتانی «ئێران، سووریە، لوبنان و یەمەن» قەدەغە ڕاگەیەندراوە.

ــ شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان لە ژێرناوی کۆنگرەی شەهید «ئیسماعیل شەریفزادە» و بە دروشمی «هەوڵدان لە پێناوی پتەوترکردنی هاوخەباتیی زانکۆ و شەقام و شاخ» بەڕێوە چوو. کۆنگرەکە لە ٢٥ی بەفرانباردا دەستی پێکرد و پاش سێ ڕۆژ کاری بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و هاوڕێ جەماڵ فەتحی وەک سکرتێری ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا.

**٢٦ی بەفرانبار:** ئەپی «سیگناڵ» بە بڕیاری «کۆمیتەی فیلتێرینگ»ـی ڕێژیمی ئێران لە فرۆشگا ئانلاینەکان سڕدرایەوە. بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا کە کەڵکیان لە ئەپی «سیگناڵ» وەردەگرت بەڵام ئەو ئەپە بە بڕیاری ڕێژیم چووەتە ناو لیستەی ئەو ئەپانەی کە کاری «تاوانبار»نەیان پێ دەکرێت.

ــ دەوڵەتی ئامریکا لە نوێترین هەوڵی خۆیدا چەندین دامەزراوەی ڕێژیمی ئێرانی خستە لیستەی گەمارۆکانییەوە. ئامانج لەو گەمارۆیانە گوشار خستنەسەر ڕێژیمی ئێرانە بۆ وتووێژ کردن لە پێوەندی بە بەرنامەی ناوکیی و ڕاگرتنی چالاکییە ناوکیی ئەو ڕێژیمە.

**٢٧ی بەفرانبار:** ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ڕەشبگیریی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان پەیامێکیان بڵاو کردەوە و تێیدا، داوای لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کرد کە بۆ ئازادکردنی بێ قەید و شەرتی گیراوەکان گوشارەکانیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی چڕ بکەنەوە.

**٢٨ی بەفرانبار:** وەک نەریتی ساڵانە مەڵبەندی هونەریی ماملێ خەڵاتی تایبەتی خۆی پێشکەش بە هونەرمەندێکی خەڵکی باشووری کوردستان بە ناوی «دڵشاد سەعید» دەکات.

ـ دەستوپەیوەندییەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران، هێرشیان کردووەتە سەر بەرزی و مەزنیی شەهید «شەریف باجوەر» و بێڕێزی بە وێنەی ئەو گەورە پیاوە و دڵسۆزەی ژینگە لە «مەیدانی باوەڕەشی»ی مەریوان دەکەن.

**٣٠ی بەفرانبار:** ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٥مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە لە ٧٥ ساڵەی یادی کۆماری کوردستاندا بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە تا سەر و تا سەرکەوتن و وەدیهاتنەوەی دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە خەبات و خۆڕاگری بەردەوام و شێلگیرتر بین.

بێڕێزی بە جلوبەرگی کوردی لە کاناڵی ٢ی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا کاردانەوەی خەڵکی کوردستانی لێکەتەوە. پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەیامێکیان بڵاو کردەوە و ئەو بێڕێزییەی ڕێژیمی ئێرانیان بە جلوبەرگی کوردی مەحکووم کرد. لەو پەیامەدا پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان داوایان کردووە کە خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی «٢ی ڕێبەندان»ـدا بە جلوبەرگی کوردی بێنە سەر شەقامەکان.

**١ی ڕێبەندان:** بازاڕی بوورس بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دیسانەوە دابەزینی بەخۆوە بینی و ناڕەزایەتیی بەرینی پشکدارانی لێکەوتەوە. پشکدارانی بوورس بە دروشمی « مەرگ بەر رووحانی » و «بێ شەرەف، بێ شەرەف» ئەو پەڕی ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی و ئاڵای ڕێکخراوی بوورسیان لە تاران هێنایە خوارەوە.

ـ دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت بێڕیزیی کۆماری ئیسلامی بە جلوبەرگی کوردی داواکارییەکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە و داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بۆ مەحکوومکردنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژی ٢ی «ڕێبەبەندان»ـدا خەڵک جلوبەرگی کوردی بپۆشن.

**٢ی ڕێبەندان:** سەید «نەسرەدین حەیدەری» ڕێبەری ئایینی « یارسان» لە نامەیەکدا ڕوو لە ڕێژیمی ئێران داوای پاراستنی مافی پەیڕەوانی ئایینی «یارسان»ـی کرد. ناوبراو لە نامەکەیدا نووسیویەتی، پەیڕەوانی ئایینی یارسان بە درێژایی مێژوو خوازیاری ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیان بوونە، بەڵام ماوەیەک پێش کردەوەیەکی ناحەز شوێندانەریی نێگەتیڤی لەسەر مۆرالی پەیڕەوانی ئایینی یارسان دانا.

**٢ی ڕێبەندان:** ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە سێهەمین ساڵوەگەڕی خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی، بە بڵاوکردنەوەی بەیانییەیەک داوای کردووە دامەزراوەیەکی سەربەخۆی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە بەنیسبەت سەرکوتە خوێناوییەکان لە ئێران و بەڕێوەبردنی عەدالەت لە لەهەمبەر دەیان ناڕازی و یەک لەوان ئەو منداڵانەی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیمەوە کوژراون، پێک بێت.

**٤ی ڕێبەندان:** دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە درێژەی بێڕێزییەکانی خۆی بە نەتەوەی کورد ئەمجارە دەستی بە بێڕێزی بە پێشمەرگە کردووە. ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی ئەم ڤیدیۆیە باس لەوە دەکات کە گوایە لە شەڕی داعشدا، پێشمەرگە پاشەکشەی کردووە و ئەوە ئێران بووە کە هەرێمی کوردستانی لە چنگی داحش ڕزگار کردووە.

ــ هەژماری تویتێری ڕێبەری ڕێژیمی ئێران بەهۆی هەڕەشەی تێرۆریستی لە سەرکۆماری پێشووی ئامریکا داخرا. تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتێر یەکێک لە هەژمارە تویتێرییەکانی «عەلی خامنەیی» ڕێبەری ڕێژیمی ئێرانی بەهۆی هەڕەشەی «تۆڵەی سەخت» لە «دانڵد ترامپ» سەرکۆماری پێشووی ئامریکا داخست.

ــ بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کادر و پێشمەرگەکانی هیزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان بەڕێوە چوو. هاوکات لەگەڵ مەڕاسمی ٢ی ڕێبەندان لە چیاکانی کوردستان دەورەی ٢٤٦ی سەرەتایی پێشمەرگەش کۆتایی پێهات و پۆلێک لە لاوانی کوردستان تێکەڵاو لە کیژان و کوڕانی نیشتمان پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون.

**٥ی ڕێبەندان:** پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ ڕەشبگیریی لاوان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نامەیەکی سەرئاوەڵای ڕوو لە دەسەڵاتبەدەستانی وڵاتانی ئورووپایی بڵاو کردەوە. لە نامەکەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات بو وەزارەتی دەرەوە، ئەندام پارلمان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوایی، داوا کراوە لەمەڕ ئەم دۆخە کە ڕێژیم لە کوردستاندا خولقاندوویەتی بێدەنگ نەبن و بە هەر جورێک بۆیان دەگونجێت هەڵوێست بگرن

**١٠ی ڕێبەندان:** ڕێژیمی ئێران لە پلەبەندیی گەندەڵیی ماڵی و ئیداریدا ٣ پلەی دیکە دابەزیوە و لە پلەی ١٤٦ـەوە گەیشتووەتە ١٤٩. لە نوێترین ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی «ڕوونکاریی نێونەتەوەیی»ـدا ڕێژیمی ئێران بە ٢٥خاڵەوە لە پلەی ١٤٩ لەنێوان ١٧٩ وڵاتی جیهاندا جێی گرتووە. لەو ڕاپۆرتەدا ڕێژیمی ئێران لە بواری ڕوونکاریی ماڵی لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا، ٣ پلە دابەزیوە.

ڕێژیمی ئێران پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٩ی زایینیدا بە دابەزینی ٨ پلەیی لە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشتریدا، لەنێوان ١٨٠ وڵاتی جیهاندا بۆ پلەی ١٤٦ لە خشتەی ڕوونکاریی نێونەتەوەییدا دابەزی.

**١١ی ڕێبەندان:** ڕێکخراوی مافی مرۆیی ئێران بەرانبەر بە ئێعدامکردنی «جاوید دێهقان خولەد»، بەندکراوی سیاسیی بەلووچ، کاردانەوەی پیشان دا و داوای لە کۆمەڵگای جیهانی کرد کە بەرانبەر بە ئێعدامی زیندانییانی بەلووچ کاردانەوە نیشان بدەن.

**١٩ی ڕێبەندان:** نەخۆشخانەی «ئیخلۆف» لە «تلاڤیڤ» لە هەواڵێکدا بڵاوی کردووەتەوە دەرمانی کۆرۆنای دروست کردووە.

بۆ یەکەم جار ئەو دەرمانە لە سەر تووشبووان بە کۆرۆنا تاقی کراوەتەوە کە ٩٦ لەسەدی نەخۆشەکان تەندروستیان بەدەست هێناوەتەوە.

**٢٢ی ڕێبەندان:** شکۆی ڕێژیمی ئێران بە ئاستێک لەلای خەڵک و خودی مۆرە و دەستوپەیوەندییەکانی ڕێژیمیش شکاوە کە شانۆی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ بە گاڵتە و دروشمی دژ بە ڕێژیم بەڕێوە چوو.

٢٢ی ڕێبەندان ساڵیادی دامەزرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەستوپەیوەندی و مۆرەکانی ڕێژیم هەموو ساڵێک بۆ بەڕێوەبردنی شانۆی ڕەواییدان بە ڕێژیمی ئێران خەڵکیان کۆ دەکردەوە و دژ بە ئیسرائیل و ئامریکا دروشمیان دەدا ئەمساڵ بە دروشمی «مەرگ بۆ ڕووحانی»یەوە بەڕێوە چوو. لەو ڕێپێوانەدا چەندین ماتۆرسوار بەدوای ماشێنێکدا دەڕۆن و لە وڵامی دروشمەکانی دژ بە ئیسرائیل و ئامریکاوە دروشمی «مەرگ بۆ ڕووحانی»یان وتووەتەوە. لە شوێنێکی دیکەدا لە خەڵک دەپاڕێتەوە بۆ یەک جاریش بووە دروشمی دژ بە ئیسرائیل و ئامریکا بڵێنەوە، بەڵام لە وڵامدا هەر دروشمی دژ بە ڕووحانی دەبیسێت.

**٢٥ی ڕێبەندان:** ١٢٢ نوێنەرەی مەجلیسی نوێنەرانی ئامریکا بە واژۆکردنی گەڵاڵەیەک، داوایان لە «جۆ بایدن» سەرکۆماری ئەو وڵاتە کردووە کە «تێرۆریزمی دەوڵەتی» کە ڕێژیمی ئێران لە پرۆژەکاریی خۆیدا بە کاری دێنێت؛ مەحکووم بکات.

**٢٦ی ڕێبەندان:** ژمارەیەک لە بنەماڵەی گیانبەختکردووانی فڕۆکەی ئۆکراینی داوای سزادانی بکەرانی ئەو جینایەتەیان کردووە و جێگری دادستانی نیزامیی تاران لە وڵامدا وتوویەتی: «کوشتمان، چاکمان کرد کە کوشتمان». ژمارەیەک لە ئەندامانی بنەماڵەی گیانبەختکردووانی فڕۆکەی ئۆکراینی ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندان لە بەرانبەر دادسەرای نیزامیی تاران کۆ بوونەوە و خوازیاری سزادانی بکەرانی ئەو جینایەتە، لەوانە «ئەمیر حاجیزادە» فەرماندەی هەوافەزای سپای تێرۆریستی پاسداران بوون.

**٢٨ی ڕێبەندان:** «زارا محەممەدی›› مامۆستای زمانی کوردی و ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتیی «نۆژین»، لەسەر ئەوەیکە بە بێ بەڵگە بە ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیریی مەحکووم کراوە، لەبارەی حوکمەکەی ڕوونکردنەوەی دا. ناوبراو وتوویەتی دوای سەپاندنی حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنە، ئێمە ناڕەزایەتیمان دەربڕی و دادگای پێداچوونەوە لە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەر بەڕێوەچوو و لەو کاتەوە هەتا دەرکردنی حوکمی کۆتایی، دادگا چەندین جار داوای لە وەزارەتی ئیتلاعات کردووە کە هەر بەڵگەیەکی کە لە بەردستیدا هەیە بۆ دادگای بنێرێت، بەڵام ئیتلاعات هیچ بەڵگەیەکی بۆ دادگا نەنارد.

**٢٩ی ڕێبەندان:** وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران بڵاوی کردووەتەوە کە سێ مەئمووری ئیتلاعات لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان کوژراون. ئەو سێ مەئموورە لە ماشێنێکی بەسیجی شاری «نیکشەهر»دا بوونە و تەقەیان لێ کراوە و کوژراون. هەروەها یەکێکی دیکەیان لەو هێرشەدا بریندار بووە.

ڕێکخراوی مافی مرۆیی ئارتیکڵ ١٩، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١ی ڕەشەمە، بە دەرکردنی بەیاننامەیەک بەنیسبەت پەیوەستبوونی دوو مادەی نوێ بە یاسای سزای ئیسلامیی ڕێژیمی ئێران کە ‹‹مەترسیی جیددی بۆ مافی ئازادیی بەیان و ئازادیی ئایین و باوەڕ›› دروست دەکات، هۆشداریی دا.

**٢ی ڕەشەمە:** «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی پەیامێکی بڵاو کردەوە. دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

زمانمان شادەماری کوردبوونمانە، کۆماری ئیسلامی، خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان قەدەخە دەکات و هەوڵی تواندنەوەی دەدات، بەڵام باکمان نییە. بە بوونی زاراکان، کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بووەتە قوتابخانەیەکی گەورە و بەرین بۆ فێربوونی زمانی کوردی.

ڕۆژی ٢١ی فێڤرییە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی لە هەموو نەتەوەی کورد و مامۆستایانی ئەمەگناس و منداڵانی وریا و قوتابییانی چاوکراوەی قوتابخانەی گەورەی کوردایەتی پیرۆز بێ.

**٣ی ڕەشەمە:** بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندە ئینتزامی و ئەمنییەکانی ڕێژیمی ئێران قاچاخی کچان لە ئێرانەوە بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئورووپایی بەرز بووەتەوە و قاچاخی کچان لە ئێران لە ڕێگای زەوینی، دەریایی و ئاسمانی ئەنجام دەرێت. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ئەو کچ و ژنانەی کە ئێران بەجێدێڵن زۆرتر لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە هاوردە دەکرێن و تەمەنی قاچاخی ئەو کچانە گەیشتووەتە ژێر ١٤ ساڵ. قاچاخی مرۆڤ زۆرتر بە ئامانجی کەڵکاژۆی بازرگانی لەلایەن قاچاخچیەکان یان کەسانی دیکەوە ئەنجام دەرێت.

**٧ی ڕەشەمە:** سێناتۆر «تام کاتێن» و زیاتر لە ٤٠ نوێنەری کۆماریخواز لە ئامریکا بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک دژایەتیی خۆیان لەگەڵ هەرچەشنە هەوڵێک لە ڕاستای هەڵوەشانەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران دەربڕی. ئەم دژایەتییانە کێشەکانی بەردەمی دەوڵەتی «جۆ بایدن» لە گەڕانەوە بۆ بەرجام دەخاتە ڕوو.

ـ پێشمەرگەکانی کوردستان لە چیاکانی کوردستان بەبۆنەی ٢١ی فێڤرییە ڕۆژی جیهانیی زمانیی دایکیی بە هەڵگرتنی پلاکارد و دروشمی تایبەت بەو ڕۆژە چالاکییان بەڕێوە برد. لەو چالاکییەدا پێشمەرگەکان جەختیان کردووەتەوە کە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکیی مافی نەتەوەی کوردە. پێشمەرگەکان ڕایانگەیاندووە دوژمن دەیهەوێ ناسنامەی ئێمە بسڕێتەوە و مێژووی ئێمەش چەواشە بکات بەڵام ئێمە بە هاوکاریی یەکتر لە شاخ و لە شاردا ئیزن نادەین دوژمن بە ئامانجەکانی بگات.

**٨ی ڕەشەمە:** کاناڵێکی ئیسرائیلی بڵاوی کردووەتەوە، ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دیکە لەوانە عەرەبەستان، بەحرەین و ئیمارات» بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانییەکی تایبەت بە ئەمنییەتی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وتووێژ دەکات.

**٩ی ڕەشەمە:** کۆمیسارییای باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران ناڕەزایەتیی دەربڕی.

میشێل باچلە» کۆمیسارییای باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان وتوویەتی: «سێ مانگ پێش ئێستا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کردەوەیەکی بە ڕەواڵەت هاوئاهەنگ دەستی بە سەرکوت و ڕەشبگیری لە کوردستان، خووزستان و بەلووچستان کرد».

**١٠ی ڕەشەمە:** وەزیری پێوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران وتوویەتی، مەجلیس بە پەسەندکردنی یاسایەک دەوڵەتی ئەرکدار کردووە بۆ ئەپی «شاد» پارە لە خەڵک بستێنێت، ئەوە لە حاڵێکدایە کە پێشتر خوێندن بە شێوەی ئانلاین لە ڕێگای ئەپی ‹‹شاد››وە بەخۆرایی بوو. ئازەری جەهرۆمی» وەزیری پێوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران لە لاپەڕەی ئینستاگرامیی خۆیدا نووسیویەتی: «مەجلیس دەوڵەتی ئەرکدار کردووە کە نرخی تەعرەفەی ئینتێرنێت بۆ کەڵک وەرگرتن لە پەیامنێرە نێوخۆییەکان ٢٠ لەسەدی نرخی تەعرەفەی پەیامنێرە بیانییەکان دیاری بکات و بیستێنێت».

**١٣ی ڕەشەمە:** ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەنیسبەت ڕەشبگیرییەکان لە کوردستان نامەیەکیان بۆ هەموو ڕێکخراو و حیزبەکانی ئاڵمان نارد. لەو نامەیەدا، وێڕای ناوی هەموو ئەو چالاکانە کە لەم دواییانەدا دەسبەسەر کراون و وێڕای مەحکوومکردن و لەقاودانی ئەو هەوڵەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کۆمەڵگای مەدەنی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای لە هەموو حیزبەکانی ئاڵمان، ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و پارلمانی ئاڵمان و سەرۆک پارلمان لە وڵاتی ئاڵمان کرد کە وێڕای مەحکوومکردنی میلیتاریزەکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای ئازادیی بێ قەید و شەرتی دەسبەسەرکراوان بکەن و گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.

**١٤ی ڕەشەمە:** کۆمپانیای فەیسبووک زیاتر لە ١٠٠ گرووپ و هەژماری گرێدراو بە ئێران، ڕووسیە، مەراکش و تایلەندی بەهۆی «کرداری هەڵخەڵەتێنەرانە» و «ڕێکخراودراو» سڕییەوە. کۆمپانیای فەیسبووک ڕێکەوتی ١٣ی ڕەشەمە، باسی لە سڕینەوەی زیاتر لە ١٠٠ هەژمار و گرووپی ساختەی گرێدراو بەو چوار وڵاتەی سڕیوەتەوە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراودراو خەریکی هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بوونە.

**١٧ی ڕەشەمە:** کتێبێک لەسەر دوکتور قاسملوو لە فەرانسە بڵاو کرایەوە. ئەنستیتۆی کورد لە فەرانسە بەرهەمی گفتوگۆی سێمینارێک کە بۆ ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوو بەڕێوە چووبوو، لە کتێبێکدا بڵاو کردەوە. ئەو کتێبە لە ٢٣٠ لاپەڕەدا بە زمانی فەرانسەوی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ساڵی ڕابردوو لە هۆڵی «میدیسی» یەکێک لە هۆڵەکانی مەجلیسی سێنای فەرانسە، سێمینارێک بەبۆنەی ڕێزگرتن لە ڕێبەری مەزن و ناوداری کورد دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەسپێشخەریی ئەنستیتۆی کورد بەڕێوە چوو.

لەو سێمینارەدا چەندین کەسایەتیی کورد، ئێرانی و بیانی قسەیان کرد. هەروەها باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی دوکتور قاسملوو لە شۆڕشی کورد و لێهاتوویی ئەو ڕێبەرە بلیمەتە لە سیاسەتدا کرا.

ــ پێشمەرگەکانی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس لە چیاکانی کوردستان سێمینارێکیان بەڕێوە برد.

ـ مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە. لە بەشێک لەم پەیامەدا هاتووە: ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، بۆنەیەکە کە دەسکەوت و پێشکەوتنی مافەکانی ژنان لە بوارە جیاوازەکاندا بەرز دەنرخێندرێ.

هاوکات وەبیرهێنەرەوەی دۆخی ستەم و هەڵاواردنی سەر ژنانە کە گەلێک ڕەهەندی جیاوازی هەیە. لەو پەیوەندییەدا، دۆخی ستەم و سەرکوت و بێ بایەخکردنی ژنان و مافەکانیان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دۆخێکی بەردەوام بووە؛ بە جۆرێک کە ساڵی ٢٠١٩، بە گوێرەی ڕاپۆرتە جیهانییەکان، کۆماری ئیسلامی لە خشتەی یەکسانیی ڕەگەزیدا، لە کۆی ١٩ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە پاڵ وڵاتانی سووریە، عێراق، پاکستان و یەمەن لە ڕیزی ١٦هەمدا بووە.

**٢١ی ڕەشەمە:** ئانتۆنی بلینکێن» وەزیری دەرەوەی ئامریکا ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەشەمە ڕایگەیاند: «ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە ئازادکرانی پارە بلۆکەکراوەکانی ئێران ڕاست نین و هیچ پارەیەک ئازاد نەکراوە».

ــ دانانی نەخشەی کوردستان لەسەر تەمری پاپ فرانسیس داگیرکەرانی کوردستانی وەلەرزە خست. لە کاتی سەفەری «پاپ فرانسیس» ڕێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان ٦ تەمری نمایش کرد.

ئەو ٦ تەمرە لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر لە کاتی پێشوازی لە پاپ فرانسیس نمایش کرابوون. لە یەکێک لەو تەمرانە لە پشت سەری پاپ نەخشەی کوردستانی گەورە دانراوە و ئەمەش بووەتە جێی نیگەرانیی وڵاتانی دوژمن و داگیرکەری کوردستان

# بڕیاری بوێرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیمەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گۆڕیوە

**محەممەد سلێمانی**

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی شاری شنۆدا و بە ئاڵای کوردستان و چەکێکی سادەی ڕۆژسەختەکانی خەباتی شار و شاخ، نەورۆزیان لە گەڵی کورد پیرۆزکرد و، بە لەبزێکی شیرین و بوێرانە ڕایانگەیاند کە «هەرگیز خەڵکەکەیان بەتەنها بە جێ ناهێڵن».

ڕزگاری سیاسی و نەتەوەیی بەدڵنیاییەوە بەرئەنجامی بڕیاری ژیرانەی سیاسی ئەنجامی دەبێ و ڕوانینی ناژیرانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێچەوانە بیرکردنەوە لە بارودۆخی سیاسی کوردستان و ئێران هیچ سەمەرێکی نابێ و ئەگەر بوێر نەبین لە بڕیاردانی بەرخۆدانی نەتەوەییدا، ئەو بزووتنەوە فراوانە جەماوەرییەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند ساڵێکە بە باشی خۆی ڕێکخستووە و تادێ زیاتر بەهێز و یەکگرتوو دەردەکەوێت، ناتوانێ بە ئامانجەکانی بگات و دەسەڵاتی ئاخوندی بە سەریدا زاڵ دەبێت.

ئەگەر بێت و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەنیشت ئەو بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرانەدا، هێزی پێشمەرگەی شار و شاخ، پشتیوانیان بن و ئەو مۆرانەی ڕێژیمی تاران لە کوردستان بەئامانج بگرن، کە مەترسیان لەسەر ئاسایشی خەڵک دروستکردووە و ڕێگری لە زۆربوونی مۆرە خۆفرۆشەکان بکەن، بەدڵنیاییەوە شۆڕشی نوێ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەرچاوتر ڕۆڵ دەگێڕن و فشاری گەورە لەسەر تاران دروست ئەبێت.

خۆدەرخستنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی حیزبی دێموکرات و حزووریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە دەستخۆشی و شانازیکردن بەو کردارە شۆڕشگێڕانەیان، وشەیەک نەدۆزرێتەوە کە بتوانین وەسفی گەورەیی و بوێریان بکەین کە بە چ شێوەیەک لووتبەرزی ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانیان لەگۆڕ نا و سەلماندیان کە ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی زۆر بەهێزترە لە لەشکری زۆروبۆری تاران.

ئەگەر کەسێک خۆی بە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات بزانێت و تۆزێک ئاگای لە ڕووداوەکانی پێش دەستپێکردنەوەی شۆڕشی ڕاسان بێت، ڕەنگە ئەوکات بەباشی لە خەواڵوویی و بێ ئومێدی ئەو بزاڤە نەتەوەییە بگات کە بە چ قۆناخێکی مەترسیدار گەیشتبوو و بە هۆی هەلومەرجی سیاسی و ناوچەیی و هەرێمایەتییەوە تاران توانیبووی شۆڕشی ئەو بەشەی کوردستان سست و ژاکاو نیشان بدات.

بڕیاری بوێرانەی سیاسی و نەتەوەیی حیزبی دێموکرات لەژێر دروشم و خەباتی نوێی «ڕاسان»دا توانی بەتەواوی خەباتی شاروشاخ پێکەوە لێک گرێبداتەوە و هەرلەوکاتەشدا ئومێدی گەورەی لای خەڵک دروستکردووە کە حیزبی دێموکرات بۆ جارێکی تریش دڕی بە تاریکی و شەوەزەنگی زاڵ بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێناوە و بڕیاری بەردەوامی خەباتی بە گەلی کورد دا.

خەڵکی کوردستان ئەوکات کە پشوو بە خەباتی سیاسی درابوو، تامەزرۆی گەڕانەوەی پێشمەرگە بوون بۆ ڕۆژهەڵات، بەو کردارەی حیزب دڵیان خۆشبوو و بەشێکی زۆری لاوان بە هاتنیان بۆ نێو ڕیزەکانی شۆڕش، هێزی پێشمەرگەیان گەلێک بەهێزتر کرد بەچەشنێک کە ئێستە تاران جگە لە خراپی دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی و هەرزان فرۆشکردنی سەروەت و سەمانی وڵات بە حکوومەتی چین و، بە خەباتی سیاسی و چەکداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێندەی تر هەست بە نیگەرانی دەکا و ئەگەر بە شێوەیەکی ڕوونتر بڵێین، ڕێژیمی تاران تادێ زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێگەی بەرەو لاوازی دەچێت و خەڵک زۆر جەسورانەتر و بوێرانەتر لە پێناوی ڕزگاری و جۆشدانی شۆڕشی نەتەوەییدا کەڵک لە بۆنە سیاسی و نەتەوەییەکان دەبینن و نەورۆزیان بۆ ئەو مەبەستە سیاسییە هەڵبژاردووە و ساڵانە زۆر بەشکۆوە یادی دەکەنەوە و بە گوتنەوەی سروود و هۆنراوەی شۆڕشگێڕی، پشتیوانی خۆیان لە خەباتی سیاسی ئەو بەشەی وڵات دەردەبڕن.

هەرکەسێک خۆی بە خەمخۆری جووڵانەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانێ، ڕێی تێناچێت، جگە لە دڵخۆشی یان بە حزووری پێشمەرگەکانی کوردستان، لەژێر هۆکار و بەهانەی تردا دژایەتی ئەو ڕەوتە نوێیەی خەبات بکەن و لە جەوهەری بابەتەکە دوور بکەونەوە و وەک خاڵێکی لاواز پێناسەی خەباتی ڕاسان و چالاکییەکانی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و هەر وەک لە ڕابردووشدا حیزب ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە بە ئامانجی شەهیدان و خواستی خەڵکی کوردستان وەفادار دەمێنێتەوە و بە هەر ڕێگایەکدا کە فشار لەسەر حکومەتی ناوەندی دورست بێت، سوودوەردەگرێ و بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو جۆرەکانی خەباتی سیاسی و چەکداری و جووڵانەوەی فراوانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان کەڵک وەردەگرێت.

حدکا هێزێکی گەورە و خاوەن ئیرادە و خۆڕاگرییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بە سەرچاوەی شۆڕش و بیری ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی دەناسرێ و هەڵوێست و بڕیارەکانی شوێنی بەرچاویان لە سەر ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا هەیە و دەسەڵاتی تاران بە هەموو جۆرێک لە پیلانگێڕیدایە بەدژی و کاروچالاکییەکانی حدکا و پەکخستنەوەی ئەو بزووتنەوەی کە ساڵانێکە کەوتۆتەوە سەرپێی خۆی و ئارامی ناوەندی بڕیاری سیاسی تارانی هەژاندووە.

داهێنانی دەستەواژەی «نەورۆزی جامەنەکان» و «سەمای ئازادی» و بەرخۆدانی سیاسی و نەتەوەیی لەژێر دروشمی «ڕاسان» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەشێکی ترن لە سەروەری و داهێنانە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

حدکا جگە لەوەی بووە بەسەرچاوەی بزووتنەوەیەکی گەورەی سیاسی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گەڕانەوە و حزووری پێشمەرگەکانی پێکەوە گرێدانەوەی خەباتی شاروشاخی زیاتر سەلماندەوە و ئەوەی دەسەڵاتی تارانی بەتەواوی نیگەران کردووە نفووز و پێگەی جەماوەری حیزبە لە نێو خەڵکدا و چالاکییەکانی خەڵک لەو بوارەدا لە شار و ناوچەکاندا نموونەی باشن.

ڕێژیمی ئاخوندی لە جەوهەر و ڕوانینی سیاسی و نەتەوەیی حدکا بەتەواوی گەیشتووە، هەربۆیەش ڕێبەرانی بەئامانج گرتن تا ئەو بزووتنەوەیە لاواز بکات و لە هێڵە بەرگری و نەتەوەییەکەی دووری بخاتەوە و، پاشان هەر ئەو هێزە تێکۆشەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەدیاریکراوی ڕێگای بە دەسەڵاتی ناوەندی نەدا، بەسەر شۆڕشی ئەو بەشەی کوردستاندا زاڵ بێ، بە ڕێگای کۆمەڵێک پیاوچاکی سەربەخۆیاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

گەڕانەوەی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە جگە لە دڵخۆشی و ئومێدبەخشین بە خەڵکی کوردستان، هەر لەوکاتەشدا لێکگرێدانەوەی سەرلەنوێی پەیوەندییەکانی خەڵک و پێشمەرگەی نیشان دا و ئەو فیلمەی کە ڕاستەوخۆ لە نێو شاری شنۆ بڵاوبوویەوە، کە تێیدا ئەوین و پشتیوانی خەڵکی بۆ پێشمەرگە دەرخست ڕێژیمی ئاخوندی بەتەواوی شۆک کرد کە چۆن ئەو هێزە خۆیان بەناو شاری شنۆدا کردووە.

ئەو چالاکییەی پێشمەرگە دەسەڵاتی تارانی بەتەواوی هەراسان کردووە کە سەرباری میلیتاریزەکردنی سنوورەکانی کوردستان، حدکا لە نێو خەڵکی خۆیدایە.

بێگومان بڕیاری سیاسی حدکا سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی خەباتی سیاسی و چەکداری لەژێرناوی ڕاساندا، دیمەنی سیاسی و ڕوانینی فیکری لەو بەشەی وڵاتدا گۆڕی و بۆ جارێکی تر هێزی هەستانەوە و ڕێبەریکردنی شۆڕشی خستەوە سەرشانی خۆی هەر وەک لە قۆناخە سیاسییە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتدا ئەوەی کربوو.

کاتێک بڕیاری بەرگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی لەژێر دروشمی ڕاساندا دەستی پێکردەوە، بێگومان سەرهەڵدانەوەی ئەو خەباتەش نرخ و بەهای تاڕادەیەک گران بوو، بەڵام ئەو بەرهەمە سیاسی و تەشکیلاتییەی هەبوو کە بزووتنەوەی سیاسی شاخ‌وشار لێک گرێ بداتەوە و بە تاکتیک و جەوهەرێکی نوێی خەبات، ئەو شێوە تێکۆشانەی بەرەوپێش بەرێت و خەڵک زیاتر خۆیان بە خاوەنی ئەو بزووتنەوەیە بزانن.

یەکگرتوویی سیاسی و نەتەوەیی و شەپۆلی جامانەکان بوونەتە نەریتێک لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەو بەشەی کوردستاندا و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، زیاتر دیمەنە جوان و نەتەوەییەکەی ئەم ساڵی پیشان دا.

هەنگاوی لەو چەشنە و بینینی ئەو دیمەن و وێنە ڕەنگاوڕەنگانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا کە سەمای جامانەکان بووەتە هێمای تێکۆشانێکی بنەڕەتی و مافخوازی نەتەوەکەمان لە کوردستان و گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ نێو خەڵک دەشێ هیوای گەورەی لەسەر هەڵبچنین.

ئەو گۆڕانکارییە کە بەرهەمی وشیاری سیاسییە لە کوردستان بەدڵنیاییەوە جێگای ئومێد و دڵخۆشی گەورەیە و هەر لەوکاتەشدا بەسەرەتای وەرچەرخانێکی مێژوویی تەماشا دەکرێت و پێشوازیکردن لە هاتنی ساڵی نوێ ئەمساڵ جیاوازتر بوو لە هی ساڵی ڕابردوو، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەکانیش بە ئاڵای کوردستان لە شار و ناوچەکانی کوردستان بوونی خۆیان سەلماندەوە کە بووە مایەی ئارامی و ورەبەرزی خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی پتەو و بەهێز و کاریگەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەمێکە ئەو بەڵێنەی بە گەل داوە کە «هەرگیز بە تەنیا بەجێیان نەهێڵێ» و لە پێناوی بەختیاری و ئازادی ئەواندا ئامادەن گیانی بەنرخیان ببەخشن.

لە دۆخێکی ئەوتۆدا، خۆدەرخستنەوەی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، بێگومان بوێری و غیرەت و شەهەماتی دەوێ و لەبەر ئەوەی ڕۆڵەکانی دێموکرات خاوەنی ئیرادە و بیروباوەڕێکی قووڵی سیاسی و نەتەوەیین، منەتیان لە هێزی زۆری تاران نییە و بەو چەکانەی نێو دەستەکانیان، سەلماندیان کە حیساب بۆ هێز و دەسەڵاتی خۆسەپێنی تاران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکەن و وەک هێزێکی داگیرکەر، خەڵک دەیناناسێ و لە بەرامبەردا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشێک لە خۆیان دەزانن و بە هەموو شێوەک دەیانپارێزن.

ئەو کردارە شۆڕشگێڕییەی پێشمەرگەکانی حدکا لە نێو خەڵکدا،جگە لە خۆڕاگری و هەستی پەنگخواردووی بەرخۆدانێکی گەورەی نەتەوەیی، وەسفێکی تر هەڵناگرێ و ئەوانەش دژی خۆری ئازادی و سەربەستی نەتەوەیی ئەو بەشەی وڵاتن، هەرچۆنێک دەڕواننە دیمەنەکان، دەگەڕێتەوە سەر ئاستی وشیاری و پەرۆشیان بۆ شۆڕشی ئەو بەشەی کوردستان.

## د.حوسێن خەلیقی:

## هێما و سیمبۆلە نەتەوەییەکان، خشڵی پێناسەی نەتەوەیین

**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا ڕۆژانی تاڵ و شیرین هەن، کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە یاد دەکرێتەوە. ١٠ی خاکەلێوە یەکێک لەو ڕۆژە تاڵانەی مێژووی گەلەکەمانە. ٧٤ ساڵ لەمەوبەر پێشەوا و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە لە سێدارە دران و گیانی ئازیزیان لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان و گەلی کورد بەخت کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کرد. ئەمڕۆ پێشەوا تەنها وەک سیمبولی ڕاپەڕین و بناغەدانەری یەکەمین کۆماری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاو لێ ناکرێت، بەڵکوو لە هەر چوار بەشی کوردستان هەتا ڕادەیەکی زۆر ئەم یادە بەرز ڕادەگیرێت. کۆماری کوردستان کە لە سەردەستی پێشەوا و بە سەخاوەت و لێهاتوویی ئەم ڕێبەرە زانایە دامەزرا، لە مێژووی گەلەکەمان کەموێنە بوو و ئەمڕۆ لەلایەن زۆر کەسەوە بە یەکەم دەسەڵاتی مودێڕنی ناسیونالیزمی کوردی ناوزەد دەکرێت.

لەو وتووێژەدا لەگەڵ دوکتور ‹‹حوسێن خەلیقی›› کەسایەتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەسایەتی پێشەوا قازی مەحەممەد، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و گرینگی ئەو ڕۆژە لە هەموو بەشەکانی کوردستانمان هێناوەتە بەرباس کە سەرنجاتی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**- کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد کە خەڵکی کوردستان شانازی پێوە دەکات، چۆن دەنرخێنن؟**

پێناسەکردنی تاکێک لە کۆمەڵگایەکدا و لە هەلومەرجی ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی و کومەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەدا، کارێکی دژوارە، چونکە تاک بەرهەمی جموجۆڵی لەو چەشنەی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی. مەگەرئەوە ئەو تاکە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە، وەپێش ئەو دۆخە کەوتبێت. پێشەوا، یەکێک لەو تاکە بە دەگمەنانەی کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردەواری بوو. پڕچەک بە زانیاریی پێویست، ئاشنا بە چەند زمان بۆ فێربوون و دەربڕین و زاڵ بەسەر سیاسەتی ڕۆژدا. ئەو لەو تاریکستانە ئەنگوس لەچاوەدا، توانی ڕووداوەکان بخوێنێتەوە چونکە بڕوای قووڵی بە ئازادی هەبوو، توانی لە کەسایەتی و زانستی خۆی نەترسانە هەلومەرجەکە بقۆزێتەوە و مۆری نیشتمانپەروەری لە پێناسەی نەتەوەی بدا، کە بەداخەوە، کەمیی کەرەستەی مرۆڤی و مادی و مەعنەوی بۆ ڕاپەڕاندن و درێژەدان بەو ئەرکە، بوون بەهۆی بەئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی. پێشەوا تاکانەیەکی هەتا ئێستا بێ نموونەی بۆ بەجێی هێشتین.

**- ١٠ی خاکەلێوە ساڵرۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد کە حیزبی دێموکرات وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کردووە، هەڵگری چ پەیامێکی گرینگە بۆ خەڵکی کوردستان؟**


گومانی تێدا نییە ئەو کارەی حیزبی دێموکرات نیشانەی ئەمەگناسییە بۆ پێشەوا و شەهیدەکانی ١٠ی خاکەلێوەیە و خۆی لەخۆیدا بانگجارە بۆ وەفاداری و پێزانین و ڕێزگرتن لە فیداکاریی و خۆنەویستی شورشگێرانە. ئەم دیاردە هێمایەکە بۆ مەزنایەتی ئازادیخوازان و گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادیی و بەختەوەریی نەتەوەیەکی ژێردەست.

**- ١٠ی خاکەلێوە وەک ڕۆژێکی نەتەوەیی دەتوانێت سەلمێنەری بەشێک لە شوناسی کورد بێت؟**

هێما و سیمبۆلە نەتەوەییەکان، خشڵی پێناسەی نەتەوەیین. پێناسەی نەتەوەیی، بریتییە لە خاک و زمان و سۆز و مێژوو و خوێنی هاوبەش لەگەڵ هەندێک تایبەتمەندی وەک ئاڵا و ڕۆژی شەهیدان و بەگشتی فەرهەنگی هاوبەش. ئەمانە وەک خاڵی زەق، نەتەوەیەک لەویتر جیا دەکاتەوە.

**-هەتا ئێستاش بەشێک لە هێزەکانی کوردستان ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەیان نەک هەر وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان قەبووڵ نەکردووە بەڵکوو پێیان وایە ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی تایبەت بۆ ڕۆژی شەهیدان نییە، هۆکار چییە؟**

کاتێک بۆنەیەک لە کاتی چالاکیی ڕێکخراوەیەکدا دێتە پێش و لەبەر گرینگی یان سامناکی، زەق دەبێتەوە، ئەو ڕێکخراوە مافی خۆیەتی وەک هێما و ڕەمزێکی ڕێکخراوەیی، کەڵکی لێوەرگرێ. سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان و کارەساتی شەهیدکردنی پێشەوا و یارانی، بۆ حیزبی دێموکرات لەو چەشنە هێماگەلەن. ئەگەر هێز ولایەنەکان بەو دیدەوە، سەیریان بکەن و بە ڕووداو وکارەساتێکی نەتەوەیی لە قەڵەمی بدەن، سروشتییە ئەوانیش، لەو ڕوانگەوە سەیری ئەکەن. وەک دەبینین، وای نابینن، کەوابوو، دانی پێدانانێن و وەک تایبەتمەندی حیزبێک چاوی لێ دەکەن بۆ نموونە لە باکوور لەسێدارەدانی شێخ سەعید و یارانی، دەتوانێ ببێتە هێمای ڕۆژی شەهیدان کەوابوو تا ئەوانە نەبنە خاوەن بیری نەتەوەیی، و هێما نەتەوەییەکان بۆ گشت نەتەوە دیاری نەکەن، ئێمە نابینە خاوەن ئەو دیاردانە.



**-کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە کە بیهەوێت کیانی سەربەخۆی خۆی هەبێت، پێویستی بە دیاریکردنی هێما و ڕۆژی مێژووی هاوبەشی خۆی هەیە، ئایا لەنێو هێزە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هەتا چەندە بیر لەوە کراوەتەوە و هەنگاوی بو هەڵگیراوە؟**

هۆی نەگەیشتنی ئێمەی کورد بەو پلە کە بتوانین هێما وسیمبولگەلی نەتەوەیی دیاری بکەین، لاوازبوونی بیری نەتەوەییە، پرشوبڵاوی بەرژەوەندیخوازی ڕێکخراو و بنەماڵە و ناوچە و نەبوونی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گشتگیرە، کە بۆ نەتەوە چالاک بێ و بۆ ئەو بڕیار بدا؛ هەر بۆیە لەو پێوەندییەدا نەمانتوانیوە، هەنگاو هەڵگرین. ئەگەر ئێمەی دێموکرات لە پەنای یەکتر توانیمان پێکەوە ڕێز لەو ڕۆژە و لە شەهیدانی بندەستمان بگرین، دەتوانین هیوا دەربڕین لە دواڕۆژدا بەرەو ئەو مەبەستە هەنگاو هەڵدەگرین.

# خشتی خواری هەڵبژاردن، لە هەیکەلی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامیدا



سارێژ موکریانی

لە وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیکدا هەڵبژاردنی دادپەروەرانە بە مانای دەستەبەرکردنی هەل و دەرفەتەکانە بۆ هەموو لایەن و گشت شارۆمەندان بۆ بەشداری لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی وڵاتەکەیان، بە شێوەیەک مافی هەڵبژاردن و خۆبەربژێرکردن لە هیچ کەس و هیچ شارۆمەندێک بەهۆی باری جنسی و نەتەویی و ئایینی و بیروبڕوا ناستێندرێتەوە. لە وڵاتی ئێران لەوەتەی پرسێک بەناوی هەڵبژاردن هاتۆتە ئاراوە هەموو کات بەهۆی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی قەت بوارێکی وا هەڵنەخراوە کە خەڵک بتوانن بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەست دەنگ بدەن و دەسەڵاتێک هەڵبژێرن کە هەڵقوڵاوی ویست و داخوازی ئەوان بێت. هەموو کات بە دەستێوەردانی دەست و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی زاڵ خەڵک هەڵخەڵەتێندراوە یان دەنگیان کڕدراوە و بە چاوبەستەیی هێنراوەتە سەر سندووقەکان و دەنگیان لێدزیون.

مەلاکان کە دەستیان بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا گرت و بە قازانجی خۆیان سواری شەپۆلی هەست و ئیحساسی خەڵک بوون لە یەکەم هەنگاو و یەکەم ڕاپرسیدا ئەو یاسا و ڕێسایەی کە بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک پێناسە کرابوو خستییە ژێرپێ و بەکەڵکوەرگرتن لە ناشارەزابوونی لایەنی زۆری خەڵک لەباری سیاسی و هەڵسووڕانی سیاسی بە دەهۆ و فریوکارانە یەکەم دەنگی جەماوەریان لە سەر بیروڕای چەوتی خۆیان مسۆگەر کرد. هەڵبژاردنێک کە تەنیا گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەخسی دوکتور قاسملوو لەبەرامبەر ئەو هەڵبژاردنە نادێموکراتییە ڕاوەستا و دەنگی پێنەدا. ئەوە سەرەتای دەهۆی کۆماری ئیسلامی بوو کە ئێستاش درێژەی هەیە و کۆتایی نەهاتووە. لەو کاتەوە هەرچی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و ڕاوەرگرتنە لەژێر چاوەدێری شۆرای نیگابان و بە (نظارت استصوابی) بەڕێوە دەچێ و تەنانەت بۆ ڕاسپاردنی کەسێک بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی دایرە و ناوەندگەلی درشت و ورد ئیدارەی بەپێی یاسا و ڕێسایەک بە ناوی (گزینش) گەڵاڵە کراوە یانی لەڕاستیدا خەڵک وەک ئەسپێی دەستی کوێری هیچ دەرەتان و ڕێگایەکی بۆ دەربازبوون لە چەنگ ئەو ئاخوندانە تا ئێستا نەبووە.

هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە تەواوی هەڵبژاردنەکانی بە شێوەی مەحفەلی و باندی پێش ناونووسی بەربژێرەکان یەکلایی کردۆتەوە! پاش کۆتایی دەوڵەتی کاتی موهەندیس بازرگان لە بەنیسەدرەوە دەست پێدەکا و ئێستاش ئەو ڕەوتە درێژەی هەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەڵاتی خەڵک لە کەمیی داوە و زەخت و زۆری ئاخوندەکان پەرەی ئەستاندووە. کاتێک نۆرە دەگاتە ڕەفسەنجانی بۆ سەرکۆماری گڕنە دەگرێ کە ئەو وەک سەرکۆمارێکی فەرمایشی کە دەسەڵات بۆ سەرۆکوەزیران بێ و کاروبارەکان و وەزیرەکان ئەو هەڵیانسووڕێنێ، قایل نابێ و دەخوازێ یاسای بنەڕەتی پێداچوونەوەی بۆ بکرێ و سەرۆکوەزیران نەمێنێ و دەسەڵاتەکەی بخرێتە سەرشانی سەرکۆمار کە کرا! کاتێک هەلێکی باش بۆ خەڵک هەڵسووڕا کە چۆک بە ڕێژیم دابدا، خاتەمی بە قازانجی نیزام شانی لە بەرپرسایەتی ئەو کارە داخزاند و خەڵکی ناهومێد کرد! پاش هەشت ساڵ فریودانی خەڵک لە پاش تەواوبوونی دەوری یەکەمی سەرکۆماری ئەحمەدینژاد دیسان ڕێژیم و تەنانەت شەخسی خامنەیی دەستەوداوێنی خاتەمی دەبێتەوە و داوای لێدەکا بێتەوە مەیدانی هەڵبژاردن و دیسان تەندووری هەڵبژرادنیان بۆ گەرم بکا! خاتەمی کە باش ئەو سیستمە دەناسێ و ئەو گۆڕەپانەی تاقی کردۆتەوە و دەزانێ چەندیان ماندوویان کردووە و قەتڵەکانی زنجیرەیی هەمووکات عەزابی ڕۆحی و ویژدانی ئەوە کە شکەنجەی دەکا بۆیە ڕاشکاوانە وڵامیان دەداتەوە و دەڵێ: «ئەمن نابمە سەرکۆمارێکی تەداروکاتچی» !!! ئەو لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی قەبووڵە، بەڵام لەو هەشت ساڵەی سەرکۆماری بۆی ڕوون بۆتەوە کە سەرکۆمار هیچ دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەرایەتی نییە بەڵکوو تەنیا کاربەڕێکەرێکە!!.

کاتێک خەڵک ساڵی هەشتاوهەشت نارەزایەتی سەبارەت بە دزینی دەنگ بۆ ئەحمەدینژاد دەرژێنە سەر شەقام دروشمی دژ بە ڕێژیم بەرز دەکەنەوە و ئەحمەدی نژاد بە خەس و خاشاکیان ناو دەبا!، ڕێبەر دێتە سەر هێڵ و دەڵێ: «ڕای من لە ڕای ئەحمەدینژاد نیزیکە« ! خەڵک سەرکوت دەکرێن. خوێنیان لەسەر شەقام دەڕێژن و بێفەزیحەتیان پێدەکرێ. کەچی ئەورۆ ئەحمەدینژاد حاشای لێدەکا! و بە ڕۆژی ڕوون درۆ دەکا.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەوانە پێبەند بە هیچ یاسا و ڕێسایەک نین. ئەوەی بۆ خۆیان وەک یاسا پەسەندیان کردووە لەسەرووی هەموو شتە بگرە وڵاتەکەیان ئێران و دینەکەیان ئیسلام و تەنانەت مەزهەبەکەیان شیعەی دوازدە ئیمامیش دەکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و مانەوەی سیستمی ویلایەتی فەقیهی بەتاڵ لەهەموو عەقلانییەتێک و پڕاوپڕ لە خورافات و کۆنەپەرستی. بۆیەش هەموو دەهۆیەک بەکار دێنن کە نەهێڵن گۆڕەپانی سیاسی ئێران جگە لە خۆیان کەسی تێدا بێ! بۆ ئەو مەبەستەش لە نێو خۆیاندا خۆیان دابەش کردووە.

ناساندنی ڕێفۆرمخواز و بناژۆخواز بە ڕواڵەت دوو جەمسەری دژبەیەک لە ئیدارەکردنی وڵاتن کە ئەویش تەنیا لە سەرکۆماریدا زەق دەبێتەوە و لە پارلەمان کەمڕەنگ و لە پارێزگاکان ڕەنگی دەچێ و لە شارەکان ڕەنگی نامێنێ. لەڕاستیشدا هەر دووکیان سەر بە ویلایەتی فەقیهە یانی لە ستراتیژی و ئەسڵی ویلایەتی فەقیە هاودەنگ و هاوڕان، بەڵام لە تاکتیک و پراکتیکدا جیاواز. حیزبەکانیشیان وەک حیزبێکی سەردەمیانە و هەڵسووڕ لە کۆمەڵگادا نایەنە بەرچاو. تەنیا ناوێکە لەسەر چەند کەسی مەحفەلی و بیروڕا لێکنیزیک کە تەنیا سەردەمی هەڵبژاردن خۆیان وەدەر دەخەن و دێنە گۆڕەپانی کێبەرکێ و وەک حەجاریان دەڵێ: قەتاری کۆکردنەوەی دەنگ وەڕێ دەخەن و پاشان لە گۆشەیەک هەڵیدەپەسێرن هەتا گەڕێکی دیکەی هەڵبژاردن یان بە دەهۆی ڕێژیم بۆ فریوی خەڵک ڕەنگەکان تێکەڵ دەکەن و ڕەنگێکی تازە ئەویش نەک بە ناوی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی بۆ ئەوەی لەسەریان نەبێتە ماڵ بەڵکوو بە ناوی ڕەوتێک و پێکهاتەیەک کە پاش خۆپاڵاوتنی بەربژێری دیاریکراو بە خەڵکی دەناسێنن و هێندێک لە حیزب و ڕێکخراوە و ئەنجومەنی پیشەیی و سینفی بۆ هاندانی خەڵک و ڕاکێشانیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان لەگەڵی دەکەون. ئەوەی بە ناوی ڕێکخراوی سیاسی ئەم پۆستەی بەڕێوە بردووە تەنیا خاتەمی بوو هەرچەند پێملی ویلایەتی فەقیهی بوو بەڵام دیسان لەوانی دیکە پڕکێشەتر بوو بۆ ڕێژیم.

لەگەڵ ئەوەی هەڵبژادنەکانی ڕێژیم قەت ئازاد و دێموکراتیک و تەندروست نەبووە، لەگەڵ ئەوەی بە ئاشکرا درۆ لەگەڵ خەڵک دەکەن و چەواشەکاری و ناڕاستی و دزی لە خەڵک دەکەن چۆن پێیان خۆش بێ ئاوای موهەندیسی دەکەن. چەند ساڵ لەمەوبەر کە هەستی بە کەمبەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکان کرد! بە دەهۆیەک و بە قسەی خۆیان بۆ کەم خەرج کردنەوەی هەڵبژاردنەکانیان هاوکات (تجمیع) کردەوە!

ئەویش بە هاوکاتکردنی بەڕواڵەت خەڵکی و دەوڵەتی کە سەرکۆمار و شۆڕاکانی شار هاوکاتکران و نوێنەرانی مەجلیس و خیبرەگان پێکەوە هەڵبژاردنیان بۆ دەکرێ! کە خەڵک بەهۆی خزمایەتی و عەشیرەیی و ئیحساسی ئەم و ئەو و ڕەقەبەرایەتیی سوننەتی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن کە هەر پاش دەنگوەرگرتنی دەنگەکە وەک گشتپرسی و دووبارە بەیعەت کردنەوە لەگەڵ نیزامی لە قەڵەمیان داوە.!!

دەهۆی تازە بۆ خولی سێزدە

بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە ئێران کە بە پێکهاتەیەکی سەقەت و یاساگەلی ناسەرکەوتوو خەڵکی ئێرانی لە گرینگترین مافی سیاسی خۆی کە ئەویش هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەیە بێبەش کردووە.! ئێستا هەڵبژاردن وەک شانۆیەکی بووکەڵانە کە ڕۆڵگێرانی تەنیا سەرانی کۆماری ئیسلامین کە چەند بەربژێری بڕواپێکراوی خۆی وەک بووکەڵە ئامادە کردووە و لەو نێوەشدا ڕۆڵی سەرەکی بەو بووکەڵەیە دەدرێ کە هەڵبژێردراوی خۆیانە! بۆ خولی سێزدەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران ئاخوندەکان بە خشە و پلان و پیلان و چاوبەستی تایبەتیان بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و ڕاکێشانیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان لەئارادا هەیە کە بەپێی گرینگایەتی ئاماژە بە هێندێک لەو پلان و پیلانانە دەکەین.

یەکەم: بەربژێری ئەندامی سپای پاسداران، سپای پاسداران هێزێکی تۆقێنەر و دژەخەڵکی و ئایدئۆلۆژیکە کە خوازیاری ئازادی هەموو موسوڵمانانی جیهانە ئەتۆ بخوێنەوە (شیعەیانی جیهان) بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش خەرجی سەرسووڕهێنەری پێویستە بۆ ئەو هێزە بەشی هەرەزۆری جمگەکانی دەسەڵات و داهاتی وڵاتی لە ژێر دەستی خۆی ناوە. جێگای متمانە و باوەڕی عەلی خامنەییە.

بەو پێیە دەکرێ بڵێین ئێستا دەسەڵاتی تەواوی دامودەزگاکانی حکومی و ناحکومیی ئێران لەدەست پاسداران و هێزی نیزامی سەر بەو سپایەدایە.

جیا لەوەی بەفەرمی لە بوارەکانی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و سیاحەتی و هاتووچۆ و هەنارده و هاوردە کار دەکا!! تەنانەت هاتووە دەیهەوێ قوتی خەڵکی کوچە و بازاڕیش ببڕێ!! بە دانانی فرۆشگا زەنجیرەییە جۆراوجۆرەکان لە هەموو شار و شارۆچکە و گەڕەکەکان بە کەڵکوەرگرتن لە ڕانت و دەسەڵات و شەریکەکانی هەناردە و هاوردە پێشی بە هەڵسووڕانی خەڵک بگرێ! و تەواوی پێکهاتە داهاتییەکان بۆ خۆی قۆرغ بکا و خەڵک چاو لەدەستی خۆی بکا یان لە کاری بەناو ئاوەدانی و ڕێگاوبان و بەنداوسازیدا بە تێچووی خۆی کار دەکا کە پاشان لەباتی دەستحەق و وەرگرتنی پووڵی پەیمانکاری لە داهاتی ئەو پرۆژەیە یان بەشەڕەسەدی (سهام) بورسی ئەو پرۆژەیە وەردەگرێ.

دیارە بەشەڕەسەدەکەش بە نیوەقیمەت بۆ خۆی دادەنێ و دەبێتە خاوەنی بەشێکی زۆر لەم پرۆژەیە! بە دەهۆ و گەندەڵی و هێزی سەربازی و ڕانت بەشی هەرەزۆری جمگەکانی دەسەڵات و ئابووری و فەرهەنگی و پیشەسازی و ... لەدەست خەڵک و دەوڵەت دەرهێناوە و بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە گڵاوەکانی خۆی دەست لە هیچ کارێکی ڕەوا و ناڕەوا ناپارێزێ! ئەوەش ترس و نیگەرانی خەڵکی لێکەوتۆتەوە. ڕێژیم لەو ترس و دڵەراکێیەی خەڵک دەیهەوێ کەڵک وەرگرێ و بۆ ئەوەی ئەندامێکی سپا نەبێتە سەرکۆمار خەڵک هەڵڕژێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و حەماسەتێکی وەک ساڵی حەفتاوشەش بخوڵقێنن! ئەوانیش پاشان وەک بەیعەتی دووبارەی میللەتی وەلایی لەگەڵ خامنەیی و ئارمانەکانی کۆماری سێدارە دنیای لێ قاو بدەن و نیشانی بیروڕای جیهانی بدەن و فیزی پێوە لێبدەن.

دووهەم: کودەتای سپای پاسداران. پیلانێکی دیکەی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان ئەوەیە کە دەنگۆی کودەتای سەربازی سپا بێنێتە ئاراوە و بڵێن ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکان نەبێ، سەرکۆماری هەڵبژێردراو لەباری پشتیوانی جەماوەری بێهێز دەبێ و ئەگەری کودەتای سەربازی سپا زۆر چاوەڕوانکراوە بەڵام کە خەڵک بە هەراوی بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بن پشتیوانی خەڵک پێش بەو گەڵاڵەیەی سپا دەگرێ. چوونکە سپا هەم لە خەڵک و هەم لە بیروڕای جەماوەری دنیای مودێڕن کە دێنە سەر خەت دەسڵەمێتەوە و وەها هەڵەیەک ناکا.

سێهەم: هێنانی کەسێکی نەناس بە دروشمی بریقەدار، ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئیدیعای ئەوە دەکا دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕە و ئەو شۆڕشگێڕییەش بەستراوەتەوە بە لایەنی زۆری خەڵک لە سیاسەتدا، لەهەمان کاتدا بۆ ڕەدکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە ترس و تۆقاندن هۆی سەرەکی مانەوەی ڕێژیمە! ڕێژیم پێویستی بە شاهیدهێنانەوە هەیە کە نیشان بدا خەڵک زۆربەی هەرەزۆری لایەنگری حکومەتی کۆماری ئیسلامین بۆیە لەوەتەی کۆماری ئیسلامی هەیە هەموو کات بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان لە هەر چەشنە چاوبەستی و خروقات و هەڵخراندنی ئیحساسی خەڵک کەڵکی وەرگرتووە کەواتە بەربژێرەکان هەرچی وادە و بەڵێنییە بە خەڵکی دەدەن قەتیش بە پراکتیک نەکراوە.

لە هەموو خولەکانی هەڵبژاردن بەربژێرەکان گەلێک دروشمی بریقەدار و پڕمانا و جوان کە هەڵگری ویست و داخوازی خەڵک لەخۆ دەگرێ داویانە. ئەگەر بەڕێوەبچن گەلێک لە کێشە و ئاریشەکان و کەمایەسییەکان نامێنن. کەچی پاش هەڵبژاردن هەموو شتێک لە بیر دەچێتەوە و بواری دێتەوە سەر بواری پێش هەڵبژاردن.

وەک نە بای هاتبێ و نە باران هێڵی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی وەک خۆی درێژە بە ڕێگای خۆی دەدا. لە خولی سێزدەهەمیش ئەو قەول و قەرار و بەڵێنی و وادانە دێنە ئاراوە و دیسان خەڵک چەواشە دەکرێن و دیسان کەڵکی نابەجێی لێوەردەگیرێ.

چوارەم: فەرمانداران وەک ئیمدادی غەیبی، هەڵبژاردنەکان لە شارەکان لەژێر چاوەدێری فەرمانداری ئەو شارە بەڕێوە دەچێ؛ فەرماندارەکانیش لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی (هیئت اجرایی) هەڵدەبژێرێ.

لە وەزارەتی ناخۆش لە هەر شارێک بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی ئەو شارە زۆرترین ڕێژەی بەشداری هەبێ وەک فەرمانداری کارا خەڵات دەکرێ بۆیە پاش گەڕانەوەی سندووقەکان بۆ فەرمانداری زۆر بە ئاسانی دەنگی بەشداربووان دەبردرێتە سەرێ و ئامار تەواو بەرئاوەژوو و ناڕاست بۆ سەرێ بەرێ دەکرێتەوە. هەر لەم بەستێنەدا هێزەکانی نیزامی و ئینتیزامی و سپا و بەسیج و ئیتلاعات و ئەندامانیان زۆر بە هەڵسووڕاوی لە نێو خەڵک بە نەناسراوی پڕوپاگەندە بۆ بەشداری خەڵک و برەوپێدانی دەنگۆی نێو جەماوەر و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک ڕاناوەستن.

بنج و بناغەی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئاراستەی ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتی سەفەوی داندراوە و سیستمێکی بە تەواوی دوگم و دواکەوتوویە بۆیە هیچ چاوەڕوانییەک لەو ڕێژیمە بۆ هیچ ئاڵوگۆڕێک ناکرێ! و ڕێژیم بە تەواوی نەگۆڕە! بۆیە دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە دەڵێ بڕوخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دروستترین دروشمە.

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* · *No : 796* · *4 April 2021*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia




# پێشەوا

بەژنێک لە سنەوبەری ژیان و
خۆرەتاوی ئازاد و
ئارامی سپی و
قەڵافەتێک
لە چۆک دانەدان!

دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران